هەرچی سەبارەت بە ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەیە، کە بریتییە لە زانینی ئاستی هەڵچوونی نەرێنی لای قوتابیانی نمونەی توێژینەوە، ئەوە ئەم توێژینەوەیە بە گوێرەی وەڵامی بەشداربووان گەیشتووە بەم ئەنجامەی کە ئاستی هەڵچوونی نەرێنی لای نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی ئاماری بەرزدا دەبیندرێت. واتە نمونەی توێژینەوەکە هەست بە بوونی هەڵچوونی نەرێنی دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش گۆڕاوی هەڵچوونی نەرێنی بەشێوەیەکی گشتی لە سێ بوار پێکدێت، ئەوانیش بواری خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و فشارن، دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان ئەوە دەردەکەوێت، کە بواری دڵەڕاوکێ لە هەڵچوونی نەرێنی زیاتر لە بوارەکانی دیکە کاریگەری بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا هەیە و نمونەی توێژینەوە بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی خەمۆکی و فشار زیاتر دڵەڕاوکێیان لە لا دەردەکەوێت.

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیی بووە لە زانینی ئاستی گێچەڵپێکردن بە گوێرەی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز، کە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکدێت، ئەوە دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان لەم توێژینەوەیەدا وا دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بۆ گۆڕاوی ڕەگەز نێر و مێ لە ئاستی گێچەڵپێکردندا بوونی نییە و هەردوو ڕەگەز بەبێ جیاوازی ڕووبەڕووی گێچەڵپێکردن لە قوتابخانەکان دەبنەوە. واتە بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە، گێچەڵپێکردن لە قوتابخانەکاندا لە ئاستێکی بەرزدایە و ئەم ئاستە بە گوێرەی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز، کە بریتیین لە نێر و مێ هیچ جیاوازییەک پیشاننادرێت و هەردوو ڕەگەز بە ئاستێکی نزیکەیی وەک یەک ئەزموونی گێچەڵیان لە قوتابخانەکان کردووە. هەرچی ئەوەی پێویستە سەبارەت بە بوارەکانی گێچەڵپێکردنە بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ، وا دەردەکەوێت، کە هەرسێ بواری گێچەڵپێکردنی فیزیکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گێچەڵپێکردنی زارەکی هیچ جیاوازییەکی ئاماری، کە نیشانی بدات، جیاوازی لەنێوان هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێدا هەبێت، بوونی نییە، بەڵکو تەنیا لە بواری گێچەڵپێکردنی ئەلیکترونی بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ بەڵگەداری ئاماریی هەیە و بە ئاستێکی زۆر نزم ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەزی مێ ئەزموونی ئەم جۆرەی گێچەڵپێکردنە دەکات، کە بریتییە لە گێچەڵپیکردنی ئەلیکترۆنی لە نمونەی توێژینەوەکە پیشاندەدرێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی توێژینەوە، زانینی ئاستی هەڵچوونی نەرێنییە لای نموونەی توێژینەوە بە گوێرەی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز، کە بریتیین لە نێر و مێ. دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان، ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بەم ئەنجامەی، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بۆ هەڵچوونی نەرێنی بەشێوەیەکی گشتی بوونی نییە و هەر دوو ڕەگەز وەک یەک هەست بە هەڵچوونی نەرێنی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی لەبارەی بە هەڵچوونی نەرێنییە، بە گوێرەی بوارەکانی ئەم گۆڕاوەیە، کە بریتیین لە بوارەکانی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و فشار، وا دەردەکەوێت کە بە گوێرەی بوارەکانیش بە هەمان شێوە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بۆ پیشاندانی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بوونی نییە.

هەرچی لە بارەی بەو ئامانجی زانینی ئاستی دەستکەوتی خوێندنە لای قوتابیان، ئەوە دوای دەستکەوتنی تێکڕای نمرەی قوتابیان و شیکردنەوە و دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی بۆ نمرەی گشت قوتابیانی نمونەی توێژینەوە، ئەوە ئەو ئەنجامە دەستکەوت کە نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزم دەستکەوتی خوێندنیان هەیە.

سەرەڕای ئەمانەش دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان ،ئەوە دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەدا بوونی هەیەو بە جۆرێک پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان گێچەڵ و هەڵچوونی نەرێنی بوونی هەیە، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان گێچەڵ و هەڵچوونی نەرێنیدا بوونی هەیە، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی نەرێنی و پێچەوانە لە نێوان گێچەڵپێکردن و دەستکەوتی خوێندن بوونی هەیە.

لەگەڵ ئەمانەشدا بە گوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە دەردەکەویت، کە گێچەڵپێکردن پێشبینی هەڵچوونی نەرێنی دەکات بە گوێرەی بوارەکانی ئەم گۆڕاوە، بە جۆرێک تا ئاستی گێچەڵپێکردن بەرزبێتەوە، ئەوە هەڵچوونی نەرێنی لە بواری خەمۆکی (0.12) و بواری دڵەڕاوکێ (0.007) و بواری فشار (0.008) بەرزدەبێتەوە، واتە ئاستی پێشبینی گێچەڵ لە سەر بوارەکانی هەڵچوونی نەرێنی بەشێوەیەکی ڕاستەوانە کاریگەری درووستدەکات. لە هەمان کاتیشدا پێشبینییەکی پێچەوانە لە نێوان ڕەفتاری گێچەڵپێکردن و دەستکەوتی خوێندن بوونی هەیە و بە جۆرێک تا ئاستی ڕەفتاری گێچەڵپێکردن بەرزبێتەوە ئەوە ئاستی دەستکەوتی خوێندن بە ڕێژەی (0.12) نزمدەبێتەوە.

## ڕاسپاردە:

1. هەوڵبدرێت ڕاهێنانی تایبەت بە قوتابیان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتی هەڵچووندا کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانیان بکەن.
2. ڕاسپاردنی کەسانی پسپۆڕ بۆ دۆزینەوەی شێوازێک لە ڕێنماییین تایبەت بەم دۆخانەی کە دەبنە هۆی درووستبوونی ڕەفتاری گێچەڵپێکردن بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگە و قوتابخانە بە تایبەت.
3. هەوڵبدرێت لە ڕێگەی وەرزشی تایبەت و شانۆ و کارە هوونەرییەکان لە قوتابخانەکاندا ئاستی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گێچەڵپێکردن فێری قوتابیان بکرێت.
4. هەوڵبدرێت لە گشت قوتابخانەکاندا ڕێنماییکاری دەروونی بە گوێرەی ستانداردی جیهانی دابمەزرێندرێن، بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی قوتابیان لە قوتابخانەکاندا ڕابگرن
5. هەوڵبدرێت لە ڕێگەی کارگێڕی قوتابخانەکانەوە چاودێرییەکی وردی ژینگەی قوتابخانەکان بکرێن، لە هەبوونی هەر دیاردەیەکی گێچەڵپێکردن قوتابی گێچەڵکار بخرێتە ژێر چارەسەری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە.
6. هەوڵبدرێت لە هۆکارەکانی نزمبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی هەر قوتابییەک بکۆڵدرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت هۆکارە کارتێکەرەکانی نزمبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن بۆ چ هۆکارێک دەگەڕێتەوە.

## سەرچاوەکان:


- عەدەس، عەبدولڕەحمان (٢٠١٣). سایکۆلۆژیای پەروەردەیی-تیۆر و پیادەکردنی سەرەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین-هەولێر.
- قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (٢٠٢٠). دەروونزانی پەروەردە و گەشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سایە_سلێمانی.
- مەحمود، عەبدولڕەحمان حەمە چاوش (٢٠١٣). پەروەردە لە سایەی فەلسەفەی پەروەردەیی نیشتماندا، چاپی یەکەم،چاپخانەی سەردەم- سلێمانی.
- الدباس،خولة عبدالحليم (٢٠٠٤). الفروق في مهارات التعلم المنظم ذاتيا بين ذوي التحصيل المرتفع و ذوي التحصيل المتدني بين طلبة الجامعة و طلبة المرحلة الثانوية في تخصصات علمية و أدبية، كلية الدراسات التربوية العليا- جامعة عمان العربية.
- Al-Ali, N. M., & Shattnawi, K. K. (2018). Bullying in school. Health and academic achievement, 47-58.
- Fredkove, Windy & Gower, Amy & Sieving, Renee. (2017). Internal Assets, Bullying, and Emotional Distress Among Young Adolescents. Western Journal of Nursing Research. 38. 1377-1378. 10.1177/0193945916658185.
- James, Alana. (2010). School bullying. NSPCC Inform Report.
- Landstedt, Evelina & Persson, Susanne. (2014). Bullying, cyberbullying, and mental health in young people. Scandinavian journal of public health. 42. 10.1177/1403494814525004
- Lovibond, P. F., & Lovibond, S. H. (1995). The structure of negative emotional states: Comparison of the Depression Anxiety Stress Scales (DASS) with the Beck Depression and Anxiety Inventories. Behaviour research and therapy, 33(3), 335-343.
- Al-Raqqad, H. K., Al-Bourini, E. S., Al Talahin, F. M., & Aranki, R. M. E. (2017). The Impact of School Bullying on Students' Academic Achievement from Teachers Point of View. International Education Studies, 10(6), 44-50.
- Rusteholz, Gisela & Mediavilla, Mauro & Pires, Luis. (2021). Impact of Bullying on Academic Performance: A Case Study for the Community of Madrid. SSRN Electronic Journal. 10.2139/ssrn.3785919.
- Yang, A. (2015). Bully-victims: prevalence, psychosocial adjustment, and responsiveness to intervention.

## ناونیشانی سیمینار:

”دروستکردنی پۆلێکی نیمچە سەربەخۆ بەڵام داهێنەرانە.“



## پ. ی. د. ئەرین احمد محمد

زانکۆی چەرمو

The current and previous generations which are known as Alpha and Z deal with classes way differently from the ways we did it. Moreover, the ways they want to learn about different subjects are quite different from those methods and techniques the older generation used in their classes. To be frank, these two current generations want to have more freedom and self-dependent than we had decades ago. An autonomous but creative classroom empowers students to take ownership of their learning while fostering creativity and critical thinking skills.

Students should have the autonomy to choose what they want to learn and how they want to learn it. Teachers can offer choices in assignments, topics, and learning goals to help students take ownership of their education. At last but not least, feedback is essential for students to know how they are progressing and what they need to improve. Teachers can provide feedback through regular assessments, one-on-one meetings, and peer evaluations. By following these steps, teachers can create an autonomous but creative classroom that fosters critical thinking, creativity, and student ownership of learning.

# دروستکردنی پۆلێکی نیمچە سەربەخۆ بەڵام داهێنەرانە

پ. ی. د. ئەرین احمد محمد

نەوەکانی ئێستا و پێشوو کە ناسراون بە نەوەی (ئەلفا و زێد) بە شێوەیەکی جیاوازتر لەو ڕێگایانەی کە ئێمە کردوومانە مامەڵە لەگەڵ پۆلەکاندا دەکەن. جگە لەوەش، ئەو ڕێگایانەی کە دەیانەوێت بەهۆیانەوە فێری بابەتگەلێکی جیاواز ببن، تەواو جیاوازن لەو شێواز و تەکنیکانەی کە نەوەکانە پێشوتر لە پۆلەکانیاندا بەکاریان دەهێنا. ئەگەر ڕاشکاوانە بڵێم ئەم دوو نەوەیەی ئێستا دەیانەوێت بەراورد بەوەی کە دەیان ساڵ لەمەوبەر هەبوو، زیاتر ئازاد بن و زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن. پۆلێکی سەربەخۆ بەڵام داهێنەرانە خوێندکاران لە ڕووی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە بەهێز دەکات و یارمەتییان دەدات کە خاوەندارێتی فێربوونی خۆیان بکەن لە هەمان کاتدا پەروەردەیەکی داهێنەرانەیان هەبێت. هەبوونی کلتورێکی ئەرێنی لەناو پۆل زۆر گرنگە بۆ خوێندکارانی نەوەی ئەلفا و زێد بۆ ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی بکەن لە خاوەندارێتی کردنی فێربوونی خۆیان. کە ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی گفتوگۆی بەردەوامی ناو پۆل، چالاکییەکانی دروستکردنی تیم و جەختکردنەوە لەسەر ڕێزگرتن و میهرەبانی بە گشتی بەدەستبهێنرێت. جگە لەوەش پەیڕەوی فێرخواز-سەنتەری خوێندکارەکان دەخاتە سەر کورسی شۆفێری پرۆسوی فێربوونەکەیان. مامۆستایان دەتوانن ئاسانکاری بۆ ئەمە بکەن لەڕێگای پێدانی هەلی زیاتر بە خوێندکاران لەسەر ئەو شتانەی کە فێردەبن، چۆنێتی فێربوونیان و چۆنێتی پێشکەش کردنی زانیارییەکانیان. لە لایەکی دیکەوە داهێنان کردن لە پۆلێکی سەربەخۆدا زۆر گرنگە. پێویستە مامۆستایان خوێندکارەکانیان هان بدەن بۆ ئەوەی (لە دەرەوەی سندوقەکە) بیربکەنەوە، ئاستەنگەکان لەبەرچاو بگرن و بەدوای ئارەزووەکانیاندا بگەڕێن. ئەو ئەرک و چالاکییانەی کە ڕێگا بە بەکارهێنانی چەند ڕێبازێکی جیاوازی فێربوون دەدەن و چارەسەری داهێنەرانەیان تێدایە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داهێنان زۆر بەسوودن. فێربوون لەسەر بنەمای پڕۆژە ڕێگەیەکی نایابە بۆ ئەوەی ڕێگە بە خوێندکاران بدرێت خاوەندارێتی فێربوونەکەیان بکەن. لە ڕێگەی ئەمەوە دەتوانرێت هانی خوێندکاران بدرێت بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە هەمان کاتدا ڕێگە بە خوێندکاران دەدات بە شێوەیەکی هاوبەش و سەربەخۆ کاربکەن. تەکنەلۆژیاش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لە ڕێگەی دابینکردن و گەیشتن بەو سەرچاوە و ئامرازانەی کە ڕەنگە بەردەست نەبن. لەڕێگای تەکنەلۆژیاوە مامۆستایان دەتوانن وانەی چالاک دروست بکەن و فیدباک پێشکەشی خوێندکارەکان بکەن وە دەتوانن هەلی کارکردنی هاوبەش بە شێوەی ئۆنلاین بۆ خوێندکارەکان دەستەبەر بکەن. خوێندکاران پێویستە ئەو سەربەخۆییەیان هەبێت کە هەڵبژاردن بکەن بۆ ئەو شتانەی کە دەیانەوێت فێربن و چۆنێتی فێربوونیان. مامۆستایان دەتوانن پۆلێنی ئەرک و بابەت و ئامانجەکانی فێربوون بکەن بۆ زیاتر یارمەتی دانی خوێندکارەکان هەتا بتوانن باشتر خاوەندارێتی خوێندنەکەیان بکەن.

لە کۆتاییدا، فیدباک زۆر گرنگە بۆ ئەوەی خوێندکاران بزانن چۆن پێشدەکەون و پێویستیان بە چییە باشتری بکەن. پێشکەش کردنی فیدباک دەکرێت کەڕێگای هەڵسەنگاندنی بەردەوام، کۆبوونەوەی یەک بە یەک و هەڵسەنگاندنی هاوپۆلەوە ئەنجام بدرێت. بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانە، مامۆستایان دەتوانن پۆلێکی سەربەخۆ بەڵام داهێنەرانە دروست بکەن کە یارمەتیدەر بێت بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، داهێنەریی و خاوەندارێتی خوێندکاران لە فێربووندا.

پۆلی نیمچە سەربەخۆ واتە هێشتنەوەی بوارێک بۆ مامۆستا لەناو پۆل بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆی. ئەگەر خوێندکار بەتەواوی سەربەخۆ بێت لەناو پۆلدا، ئەوا هەڕەمەکی بوون وپشێوییەکی زۆر دروست دەبێت لەناو پۆلەکاندا. شێوازی کارکردن لەم بوارەدا بۆچەند لایەنێک دابەش دەکرێت؛ ڕێگاکانی وانە وتنەوە، ناسینی نەوەی زێد و ئەلفا وەک خۆیان، چۆنێتی هاندانی خوێندکاری ئەم نەوەیە، شێوازی بەشداری کردنیان لەناو وانەکان، ئەوشتانەی کە لەناو پۆلدا فێردەبن، وە یاساو ڕێسای تایبەت بەناوپۆل.

لەکاتی دیاریکردنی ڕێگاکانی وانە وتنەوە، پێویستە بزانین چ جۆرە ڕێگایەک لەگەڵ چ کەسێک بەکاردێت. کارکردنی مامۆستا لە زانکۆ جیاوازرەا لە کارکردنی مامۆستا لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی یاخود لە کارکردنی وەک مامۆستا لە خولی تایبەت. ناکرێت لەگەڵ هاموو ئاستێک هەمان جۆری فێرکردن و کارکردن بەکاربهێنرێت. پێویستە ڕەچاوی جیاوازییە تاکە کەسییەکان بکرێت، وەک؛ جیاوازی ڕەگەز، شوێنی ژیان کردن، زانیاری پێشوەختەی خوێندکار...هتد. وە لەهەمان کاتدا پێویستە کار لەسەر داهێنان بکرێت لەناو پۆل، گرنگ نییە چەندێکی کتێبەکان و بابەتەکان تەواو دەبن، گرنگ ئەوەیە کە چەند داهێنان لەناو پۆلەکانماندا دەکێت. پەیڕەو کردنی یاسا و ڕێسای تایبەت بە پۆلەکان خاڵێکی زۆر گرنگە وپێویستە ڕەچاو بکرێت، لەوڵاتەکانی وەک ئەمریکا و چین ئەم لایەنە زۆر بە وردی گرنگی پێدەدرێت. چونکە نەوەکانی زێد و ئەلفا داخوازی سەربەستی تەواون و ئەگەر بەڕێسا ویاسای تایبەت کۆنترۆڵ نەکرێن، ئەوا فێرکردنیشیان زۆر بە زەحمەت دەبێت.

## نەوەی زێد و ئەلفا کێن و بۆچی دەبێت بیانناسین؟

ئەم نەوەیە لە لەدایک بووەکانی ساڵی ١٩٩٧ دەست پێدەکات و هەتا ٢٠٢٥ دەخایەنێت. مرۆڤەکانی ئەم نەوەیە کار لەسەرخۆیان دەکەن و حەزیان بە سەربەستی تەواوە، بۆیەش بەشێوازێکی داهێنەرانە بیر دەکەنەوە. نمونەی ئەم نەوەیە بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکانە بەشێوازێکی خێراو پێشکەوتەتر لەنەوەکانی پێش خۆیان، بۆیە دەکرێت بە نەوەی تەکنۆلۆجیا ناوببرێن. دایبابان پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ناتوانن ئەم نەوەیە بە ئاسانی دابڕن لەبەکارهێنانی مۆبایل و بەگشتی تەکنۆلۆجیا. ئەم بەکارهێنانە فراوانە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئەم نەوەیە زۆر زیاتر ڕەخنە بگرن لەچاو نەوەکانی پێش خۆیان، وە پرسیار لەسەر هەموو شتێک دادەنێن.

نەوەکانی پێشوو پێیان ئاسایی نەبوو ئەگەر مامۆستاکەیان هەڵەیەکی هەبێت بۆی ڕاست بکەنەوە، بەڵام نەوەی زێد و ئەلفا ئەمەیان پێ ئاساییە و زۆریش ڕەخنە دەگرن لە هەموو کەسێک. ئەگەر شتێکیان پێ قوبوڵ نەکرێت، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەم نەوەیە کەمتر گوێ دەگرن وە زیاتر حەز دەکەن بە باسکردنی ئەو شتانەی کە خۆیان بینیویانە و ئەزمونیان کردووە. بۆیە گرنگە ئەم نەوەیە بناسین، هەتا بتوانین ڕەخنەکانیان قوبوڵ بکەین و بەپێی ئەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین. ئەم نەوەیە بۆ ئەوەی شتەکان قوبوڵ بکەن، پێویستیان بە بەڵگەی ڕوون و ڕەوان هەیە. خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە مامۆستایان پێویستە هەڵوێستەی لەسر بکەن، ئەویش ڕێگاکانی فێرکردن و وانە وتنەوەیە. گرنگی ئەم لایەنە لە هەند ساڵێکی دوای خوێندنگا و زانکۆ دەردەکەوێت، بۆیە پێویستە زۆر بە وریایی ئاگاداری ئەم خاڵەبین.

دوو رێگای باو هەیە بۆ وانە وتنەوە: ڕێگا کۆنەکانی وانە وتنەوە وە ڕێگا نوێیەکان، کە هەردووکیان لە ئێستادا لە بەکارهێناندان بەڵام ڕێگا نوێیەکە زیاتر لە خوێندنگا تایبەتەکان بەکاردێت. جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕێگایە زۆرە، لەوانە (وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی ڕێزمانی)، کە لەکۆندا لە ئەمریکا وبەریتانیا بەکاردەهات بۆ فێربوونی نوسین و ئەدەبیاتی لاتینی و وەرگێڕانی بۆ سەرزمانی ئینگلیزی، بەداخەوە لەزۆربەی خوێندنگاکاندا ئەم ڕێگایە تا ئێستا بەکاردێت، بەڵام ئایا لێرەدا خوێندکار فێری هیچ دەبێت؟ لەلایەکی دیکەوەڕێگایەکی دیکە هەیە ئەویش (ڕێگای ڕاستەوخۆ)ی فێرکردنە کە ئیش لەسەر ووشەسازی دەکات و خوێندکار فێردەکات کە هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە، لەهەمان کاتدا ڕستەی پێدەدرێت بۆ ئەوەی لەڕێگای ڕستەکەوە ڕێزمان فێرببێت.

نەوەی زێد و ئەلفا زیاتر کار لەسەر تەکنۆلۆجیا ئەکەن و لەهەموو جێیەک ئینتەرنێت بەردەستە بۆیان، لەناو ماڵەکانیان و لەناو تەلەفۆنەکانیشیان. بۆیە ئەم لایەنە پێویستە لەناو خوێندنیش گرنگی پێبدرێت و ڕێگا ڕاستەکەیان فێربکرێت بۆبەکارهێنانی. بۆ نمونە فێرکردنیان بۆ نوسینی ئیمەیل، بۆئەوەئ بتوانن بەشێک لە ئەرکەکانیان بەو ڕێگایە پێشکەش بکەن. یان نوسینی بلۆگ، خوێندکار دەتوانێت لەم ڕێگایەوە شتانێک دەربارەی ژیانی خۆی بنوسێت و بەشی بکات لەگەڵ خەڵک. ئەو ڕێگایانی کە زۆرترین کات بەکاردێن لە ئێستادا بەکارهێنانی داتاشۆ و سلایدە بۆ نیشاندانی هەر شتێک لەناو پۆلەکاندا. ئەمە یەکیک لەئاسانترین ڕێگاکان و لەهەموو شوێنێک لەناو هەموو جۆرە پۆلێک دەکرێت بەکاربهێنرێت. ڕێگایەکی دیکە کە بە داخەوە گرنگییەکی کەمی پێدراوە، ئەویش ڕێگای بەکارهێنانی وێبسایتەکانە. خوێندکار بەشێوەیەکی زۆر چالاک دەتوانێت هەر یەکێک لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بە ئاسانترین شێوە بەکار بهێنێت بەڵام ناتوانێت یەکێک لە ماڵپەڕەکانی وەک (یودێمی، ئۆنلاین کلاس، کۆرپەس...هتد.) بەکاربهێنێت لەکاتێکدا ئەتوانن فێر ببن.

یەکێکی دیکە لە گرنگترین خاڵەکان کە پێویستە لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕەچاو بکرێت ئەوەیە کا مامۆستایان ئاگاداری جیاوازی خوێندکارەکانیان بن و هەمیشە بیریان بێت کە خوێندکارەکانیان وەک یەک نین، وە بەراوردی نێوان خوێندکارەکانیان نەکەن. لە هەمان کاتدا ئەوەش گرنگە کە مامۆستایان بەراورد لەنێوان ئئێستای خوێندکارەکانیان و سەردەمی خوێندنی خۆیان نەکەن، چونکە سەردەمەکان زۆر لەیەک جیاوازن. بۆ زیاتر قووڵ بونەوە و تێگەیشتن لە جیاوازی خوێندکارەکان، چەند ڕێگایەکی سادە هەیە کەمامۆستایان دەتوانن بەکاری بهێنن.

لەوانە پێدانی ئەرکی ماڵەوە و کۆنترۆڵکردنی لەدواتردا بەشێوەیەکی ستراتیجی لەنێوان خوێندکارەکان بۆئەوەی هەستی بەرپرسیارێتییان تێدا چالاک ببێت بەرامبەر فێربوونی خۆیان. یاخود ئەرکی پێکەوەیی گروپ لەناو پۆل بۆ دڵنیابوون لەئامادەکاری پێش وەختەی خوێندکارەکان خاڵێکی دیکەی گرنگە کە لەڕێیەوە خوێندکارەکان هەست بەوە دەکەن کە هەوڵێکیان داوەو ئەرکێکی تایبەتیان بەجێگەیاندووە بۆ فێربوونیان. لێرەدا مامۆستایان پێویستە ڕێگاو سەرچاوەی تایبەت نیشانی خوێندکاران بدەن و ڕێنماییان بکەن بۆ گەڕان بەدوای زانیاری دروست.

مامۆستایان پێویستە وابکەن کە پۆلەکانیان هاندەر بێت بۆ خوێندکارەکان ووایان لێبکەن کە ئارەزووی بەشداری کردن بکەن لە فێربوون. ئەگەر خوێندکار ئارەزووی لە وانەیەک نەبێت، هیچ شتێک فێرنابێت سەرەڕای کاتی زۆری وانەکەش، بۆیە هەمیشە لەوانەکاندا پێویستە شتانێک هەبن کە هانی خوێندکار بدەن بۆ مانەوەو بەئاگابوون لە وانەکە. بۆ ئەمە چەندین ڕێگای جیاواز هەن، وەک زانینی حەز وئارەزووەکانی خوێندکار لە ژیان، دروستکردنی ژینگەیەکی هاوڕێیانە لەناو پۆل کە هەموو ئەندامانی پۆلەکە بە ئاسانی و بە ئازادی بتوانن قسەی تێدا بکەن و ڕای خۆیان بەرامبەر فێربوونیان دەرببڕن. یاخود ڕەچاوکردنی ئەوەی کە پۆلەکەت چەنێک سەردەمییانەیە و چەند لەگەڵ سەدرەمی نوێ دەگونجێت، یان هێنانەوەی نمونەکانی ناو پۆل چەند لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەو دەوروبەری خوێندکار ئەگونجێت، بۆ نمونە ئەگەر لە کتێبەکە یان وانەکە باسی مۆزەخانەی لۆڤەر دەکات، دەتوانرێت چواندنی بۆ بکرێت لەگەڵ مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە لە سلێمانی، یان چواندنی ئەیفەل تاوەر بە منارەی چۆلی لە هەولێر. ئەم چواندنانە وادەکەن خوێندکار ئاسانتر تێبگات و زیاتر بەدوای زانیاریدا بگەڕێت لەدونیای دەرەوەی پۆلدا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕێگای زۆر هەن بۆ ئەوەی پاڵپشتی خوێندکار بن هەتا بەچالاکی بەشداری لەوانەکاندا بکەن، وەک؛ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە پۆلەکاندا، دروست کردن و کارکردن بە گروپ و تێکەڵ کردنی خوێندکارەکان، بەکارهێنانی یاری بەپێی بابەتی وانەکە و جالاکییەکانی ناو کتێبەکە، هاندانی خوێندکارەکان بۆ ڕۆڵ بینین لەپێش هاوڕێکانیان، ئەویش سەرەتا لەڕێگەی نیشاندانی کۆمەڵێک نمونەی زیندووی ناو ژیانی ڕۆژانەوە دەکرێت ئاسان بکرێت. وە خاڵێکی گرنگتریش ئەوەیە کە خوێندکار هان بدرێت بۆئەوەی بەدوای زانیاری بگەڕێت وگرنگی بە فێربوون بدات نەک تەنها زانیاری لەبەر بکات بۆ ماوەیەکی کورت. لەنێوان نەوەی کۆن و نوێدا جیاوازییەکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە نەوەکانی پێشتر تەنها زانیارییەکانیان لەبەرکردووە زۆربەی کات، بەڵام نەوەی زێد و ئەلفا دەیانەوێت تێبگەن چونکە ئارەزوو بیرو باوەڕیان بۆشتەکان هەیە و بەدوای دەگەڕێن. بەم پێیەش مامۆستایان دەتوانن لەڕێگای ڕاهێنان کردن لە پۆلەکانیاندا سەرنجی خوێندکارەکان ڕابکێشن بۆ شتانێک کە تەنانەت لەدەرەی پۆلەکەشت پێویست بێت کە خۆی بەدوای بگەڕێت و بەجوانترین شێواز وەڵامەکانی دەست بکەوێت.

ئەو شتانەی کە لەناو پۆلدا فێر دەکرێن دوو بەشن؛ کتێب و پرۆگرامی خوێندن، لەگەڵ کارامەییەکان. زۆربەی کات سەرنج دەخرێتە سەر تەواوکردنی پرۆگرام و کتێبی خوێندن، زۆربەی کاتیش بەبێ بیرکردنەوە خوێندکار دوای تەواو کردنی ئەمە ئەکەوێت و قۆناغەکان تەواو دەکات بەبێ فێربوونێکی ڕاستەقینە کەنۆ ژیانیان سودی هەبێت.

بەڵام دەکرێت مامۆستایان کارامەیی بۆپرۆگرامی خوێندن زیاد بکەن و وەهای لێبکەن کە خوێندکارەکان ئارەزووی فێربوون بکەن، ئەمەش بە ئاسانترین شێوە لەڕێگەی نموونەی ڕەسەنی ژیانی ڕۆژانەوە دەبێت. بۆ نموونە بەکارهێنانی وێنەو ڕەنگی گونجاو لەسەر ئەو بابەتەی کە باسی دەکرێت، چونکە ڕەنگ پاڵنەرێکی زۆر باشە بۆ فێر بوون، وە وێنە تێگەیشتن زۆر ئاسان دەکات.

لایەنێکی دیکەی زۆر بنەڕەتی هەبوونی یاساو ڕێسای تایبەتە لەناو پۆلەکان. گرنگە کۆمەڵێک ڕێسا هەبن لەناو پۆلەکاندا بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و دەستەبەرکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆفێربوون. بۆ نمونە خوێندکار پێویستە فێربکرێت کە دوای هەندێک ئاراستەی تایبەت بکەوێت کەبۆی دیاری دەکرێت و فێرببێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. یان فێربکرێت کە تەلەفۆن بەکارنەهێنێت و هەوڵ بدات لەکاتی خۆی لەناو وانەکان ئامادەبێت. گرنگترین خاڵ ئەوەیە خوێندکار فێربکرێت ڕێز لەهەموو کەسێک و هەموو شتێک بگرێت، نەک تەنها لە مامۆستاکەی لەبەرئەوەی نمرەکانی لەلایە.

لەدوای هەموو ئەمانە قۆناغی فیدباک دێت کە تێیدا خوێندکار گرنگی وانەکەی بۆ دەردەکەوێت و وادەکات کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات بەرامبەر فێر بوونی خۆی. بەڵام زۆر گرنگە کە فیدباک بەشێوەیەکی بونیادنەر و گونجاو بە خوێندکار بدرێت و ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە نەوەی زێد و ئەلفا نەوەیەکی ڕەخنەگرن و بە ئاسانی هەموو شتێک قوبوڵ ناکەن.

## پرسیار/ جیاوازی نێوان پۆلێکی نیمچە سەربەخۆ چۆن ڕابگیرێت لەگەڵ پۆلێکی زۆر توند کە سەربەخۆیی نەبێت؟

پۆلەکان پێویستە نیمچە سەربەخۆ بن، واتە نەهێندە سەربەخۆ بن کە کۆنترۆڵی پۆل لەدەست خوێندکارەکان بێت، نە هێندەش توند بێت کە نەتوانن هیچ قسەیەک بکەن و ڕای خۆیان دەرببڕن. لە پۆلی نیمچە سەربەخۆدا مامۆستا پێویستە ڕابەر و ڕێنیشاندەربێت نەک بڕیاردەری سەرەکی. خوێندکارەکان پێویستە لەبەشێکی باشی وانەکەدا دەنگ و بڕیاریان هەبێت و ڕێزیان لێبگیرێت.

## پرسیار/ ئایا سیستەمی پەروەردە هیچ شتێک دەکەن بۆ دروست کردنی ئەم جۆرە پۆلانە یان تەنها ڕۆڵی مامۆستایە کە هەوڵی بۆبدات؟

ICET ڕێگایەکی دیارە کە سیستەمی پەروەردە هەوڵ دەدات بۆ چاکسازی و یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ دروستکردنی پۆلی مۆدێرن و داهێنەرانە. بەڵام بەداخەوە زۆربەی کات کۆمەڵێک گلەیی ڕێگرن لەوەی کە پێشکەوتنەکان ڕووبدەن و لێرەدا ئەکەوێتە سەر مامۆستایان خۆیان کە چەند سوود لەو هەلانە وەردەگرن کە دەخرێتە بەردەستیان.

## پرسیار/ ئایا تا چەند ڕاستە کە نەوەی زێد و ئەلفا بە نەزان وەسف دەکرێن؟

تەنها یەک نمونەی سادە دەتوانێت نیشانمان بدات کە ئاستی زیرەکی و زرنگی ئەم نەوەیە چەندە، ئەویش بەکارهێنان و فێربوونی ئامێرەکانی تەکنۆلۆجیایە بەشێوازێکی زۆر خێرا، کە ئەمە لەوانەیە زەحمەتتر بێت بۆ نەوەکانی پێشتر. جیاوازییەکی دیاری ئەم نەوەیە ئەوەیە کە هەمیشە بە ڕەخنە گرانە بیر دەکەنەوە وپرسیار لەسەر هەموو شتێک دادەنێن و وە شتەکان قوبوڵ ناکەن ئەگەر بەڵگەی تەواوت نەبێت. ئەم نەوەیە ناتوانن بەرامبەر هیچ هەڵەیەک بێدەنگ ببن و شەرم بکەن.

## ناونیشانی سیمینار:

”دوارۆژێکی سەوز:
بەهێزکردنی نەوەی Z
لەبارەی گۆڕانی کەشوهەوا
و بەردەوامبوونی ژینگە.“



## لێڤا عادل شەریف

زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک

The seminar “A green future: empowering the Z generation with a knowledge of climate change and environmental sustainability” aims to provide a platform for debate on the challenges of climate change and how to promote environmental sustainability among younger generations. In addition, the seminar will explore the impact of human activity on the environment and the role of Generation Z in creating a greener future. Gain insight into sustainable practices such as reducing your carbon footprint, promoting renewable energy and protecting biodiversity. The seminar will also highlight the importance of raising awareness of environmental issues and empowering Generation Z to be responsible stewards of the planet. Moreover, the seminar focuses on the role of college students in driving environmental change through initiatives such as campus sustainability programs and green action. Explore how university students can become ambassadors of sustainable living and promote environmentally responsible practices in their communities. The seminar also provides a platform for university students to participate in discussions, network with experts in the field, and share experiences and ideas for building a greener future.

# ناونیشانی سیمینار:

"بکارهینانا کارامەیی یێن سەد سالا 21 ـێ د پرۆسەیا فێرکرنێدا ل کوردستانێ."



## د. ئەمین عبدالقادر عمر


زانـکـۆیـا
دهـۆک


سـەد سـالیا ٢١ێ گورانکارییـەکا مـەزن ل گـەل هینـا د ژیـان، کار و فێربوونـا مـەدا. ل گـەل بەربەلاڤبوونا تەکنۆلـۆژی و جیهانگیریـنێ، ئـەو کارامەیـی یێـن بـۆ سـەرکەڤتنا د جیهانـا کاریـدا ئەڤرۆکە دپێدڤـی گـەلەک دجیاوازن ژ یێـن بـەری نوکـە. دبێژنـە ئەڤـان کارامەییان کارامەیـی یێـن سـەد سـالا ٢١ێ، ژ ئەوانا ژی هەڤـکاری، هـزرا رەخنەگرانـە، داهێنان، دانوسـتاندن، شـارەزاییا دیجیتالـی و ئاریشـە چارەکرن. ئـەڤ ڤەکۆلینـە بزاڤەکە ژبـۆ دانەنیاسـین و بەرچاڤکرنا ئـەوان کارامەیێـن پێدڤییـە ل ناڤەندێن خواندنـێ گرنگـی پـێ بهێتـە دان ژبـۆ بلنـد کرنا ئاسـتێ شـیان و شـارەزاییێن قوتابیان ل کوردسـتانێ. ئەڤـێ ڤەکۆلینـێ دایـە سـەلماندن کـو ئـەڤ کارامەییە دگرنگـن بـۆ هـەر تاکەکەسـەکی داکـو یـێ سـەرکەڤتی بیـت د ئەڤـێ جیهانـا ئالـۆز و بـەردەوام د پێشـکەڤتنێدا. ژبـۆ پێشخسـتنا ئەڤـان کارامەییان ژی پێدڤییـە جەخـت بهێتـە کرن ل سـەر فێربوونا فرەرەهەنـدی، پرۆژەیێـن پالپشـتینێ ل سـەر میتـۆدا دکـەن و بکارهینانا تەکنۆلـۆژی د پرۆسـا پـەروەردە و فێرکرنێـدا.


پەیڤێن سەرەکی: کارامەیی، سەد سالا ٢١ێ، پرۆسا فێرکرنێ، کوردستان

## ناونیشانی سیمینار:

"فێرکردنی هەمەچەشنەکان جینی Z: ڕاهێنانی پەرەپێدانی مامۆستا بۆ پۆلی گشتگیر."




### د. بنار جودت احمد

زانکۆی کۆیە


Different generations of students have enrolled and graduated from higher education institutions for decades. Although each new generation of students we teach requires different teaching and learning strategies. Throughout these decades, educators have been using the same strategies despite what generation is present in their classrooms. With generational changes, this means that educators are not meeting students' needs. Thus, it is pertinent to reflect on and reevaluate teaching methods to create the best learning environment for students. The newer generation of students, Generation Z and Alpha, have unique characteristics and expectations. Inclusive teaching requires teachers to recognize the experiences and abilities of every student, embrace the idea that each student's learning capacity is open-ended, and be open to diversity. Right now, our Generation Z and Alpha students present a unique set of challenges for educators. They are even more diverse than the previous ones. In addition to their racial and ethnic makeup, they also differ in work behaviors, shaped by values and economic circumstances, very different from those of the generations that preceded them. To reach them teachers must be empowered agents of change, with values, knowledge, and attitudes that permit every student to succeed.

## ناونیشانی سیمینار:

# "ئاڵۆزی و فرەڕەهەندیی: تایبەتمەندییەکی داڕشتن و جێبەجێکردنی ڕێسای پەروەردە لە کوردستان."



## پەشێو م. نوری

زانکۆی مۆناش

سیستەمەکانی پەروەردە لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ڕیفۆرمی خێرای ڕێسای پەروەردەییدا تێدەپەڕن؛ لە هەمان کاتدا، ڕووبەڕووی ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاڵۆزەکان دەبنەوە. سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، نمونەیەکە بۆ ئەو کەیسە. واتە، لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە ئەزمونێکی بێسەروبەر بۆ بە مۆدێرنکردنی پەروەردە تێپەڕیوە. ئەم توێژینەوەیە شەن و کەوی ئەو هێزانە (واتە ئەو عەقڵانیەت و ئەکتەرانە) دەکات کە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە پاڵیان بە ڕیفۆرمی پەروەردە لە کوردستان ناوە. هەروەها وتووێژی هەلومەرجی کاری مامۆستایەتی (فێرکردن) و جێبەجێکردنی پرۆگرامی خوێندن دەکات. ئینجا ئەو ئاستەنگانەی دەخاتەڕوو کە ڕووبەڕووی ڕێسای پەروەردەیی سەردەم دەبنەوە لە هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستوە بەو دۆزینەوانەی کە لەڕێگەی شیکاری دۆکیومێنتی پەروەردە و چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایان دەستم کەوتون. ئەوە دەردەخات کە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە ڕێسای پەروەردە هەوڵیداوە دوو ڕۆڵی سەرەکی بگرێتە ئەستۆ کە ئەوانیش ڕۆڵی سارێژبونەوە و بە مۆدێرنکردن بوین. ئەو ڕۆڵانە لەلایەن کەڵەکەبوی کۆمەڵە هێزێکی ئاڵۆزی وەکو ناسیۆنالیزم و دیموکراسی و نیۆلیبرالیزم ناوەندگیری دەکرێن. بە پشبەستن بە میتۆد و ئامرازی شیکاریی بواری Critical Policy Sociology، ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە ئەو عەقڵانیەتە ئاڵۆزانە بۆ پەروەردە و ڕیفۆرم لە هەرێمی کوردستان، ڕەوشێکی ناچەسپیو (ناجێگیر)ی بۆ ڕێسای پەروەردە دروستکردوە کە مامۆستایانیشی بەخۆوە ئاڵاندوە. تێگەیشتن لەو هەلومەرجە ناچەسپیوانە لەڕێگەی تێگەیشتن لە ‹ئاڵۆزی و فرەڕەهەندی›ەوە ئاسان دەبێت. چونکە ئاڵۆزیی و فرەڕەهەندی ململانێی جۆراوجۆری ڕێسای پەروەردە، و بیروباوەڕی جیاجیای مامۆستایان، و هەمەجۆریەتی لە شێوازەکانی جێبەجێکردنی ‹سارێژبون و بەمۆدێرنکردن› (دوو ڕۆڵە مێژوییەکەی پەروەردە) ئاسان دەکەن. ئەم توێژینەوەیە بە دەستنیشانکردنی هەندێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم داڕشتنی ڕێسای پەروەردە لە کوردستان کۆتایی دێت. ئەو بەربەستانە ئەمانە لەخۆدەگرن: بێفایدەیی ئەو میتۆدە نەریتییەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ داڕشتنی ڕێسا، ئەو لۆژیکانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ پاڵپشتی ئەو ڕێسایانە ناکۆکن لەگەڵ یەکتر، وە نائامادەیی بەشداریەکی ڕەخنەگرانەی مامۆستایان لە پرۆسەی دەرکردنی ڕێسای پەروەردە لە کوردستان.

# ناونیشانی سیمینار:

"مامۆستا وەک ڕاهێنەر (ڕێبەر)ی فێربوون."



## شارا ڕؤوف صالح

زانکۆی سلێمانی

مامۆستایان ڕۆڵێکی زیندوو دەبینن لە فێرکردنی خوێندکاران و کاریان تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە بەڵکوو وەک ئاڕاستەکار و ڕێنیشاندەر و ڕاهێنەرن لە یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ پێشخستن و هاندانیان لە دۆزینەوەی بەهرە و لێهاتوویی و تواناکانیان، مامۆستا بە بیرەوەری فێربوونی ماوە کورت ئەژمار دەکرێت ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەو کەسەی کە مەعریفە و زانیاری پێیە و کار بۆ بەڕێوەبردنی و بەشدارپێکردنی ئەو زانیارییە لەگەڵ کەسانی دیکە لە ڕێگەی فێرکردن، بەم شێوەیە دەڕوانرێتە مامۆستا چونکە زانیاری و لێهاتوویی قووڵی پێیە دەربارە ئەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە ئەمە و سەرەڕای ئەو شێواز و تەکنیکە پەروەردەییە خوازیارەی کە بەکاریدەهێنێت بۆ گەیاندنی ئەو زانیارییانە، کاری مامۆستای سەرکەوتوو تەنها دابەشکەردنی زانیاری نییە بەڵکوو ئەو کەسەیە کە ئیلهامێ دروست دەکات بۆ خوێندکارانی هەروەها هانیان دەدات بۆ فێربوون بە دروستکردنی کەشێکی فێرکاری پۆزەتیڤ کە فێرخواز تیایدا هەست بە ئارامی لە ئاراسەکردنی پرسیار و دەربڕینی ڕا و بۆچونی خۆی و دۆزینەوەی بیرۆکە باشەکانی بکات، هەروەها بەکارهێنانی ڕێگای ستراتیژی هەمە جۆر بۆ بەشداریپێکردنی خوێندکاران بە پێی ئارەز و پێویستی و جیاوازی تاکایەتییان.

## ناونیشانی سیمینار:

“وانەوتنەوە لە سەدەی 21: ئامادەکاری بۆ وانەوتنەوە بە نەوەی ئینتەرنێت (هاوڵاتییانی ئینتەرنێت).”




### پ. د. هیمداد عبدالقهار

زانکۆی سەڵاحەدین/
یەکێتی مامۆستایانی کوردستان


The four C’s of 21st century include creativity, critical thinking, communication, and collaboration. These are four themes that are not to be understood as modules, but as themes that should be integrated across all curriculum mapping and strategic planning. They must become part of every module similar literacy and numeracy. Creativity means thinking through information in new and creative ways, establishing new connections and coming up with innovative and creative solutions to the challenges and problems encountered. Critical thinking, on the other hand, refers to analysing information and critiquing claims put forward. Moreover, communication is understanding things well enough to share them clearly with other people. Finally, collaboration is related teamwork and the collective intelligence of a group that is more than the sum of its parts. Within these four areas, there are other skills that are important as well, for instance ‘Entrepreneurship’ can be considered a skill of its own. Inquiry and problem solving are crucial.

To sum up, education needs to be all about empowering students with transferable skills that will hold up to a rapidly changing world, not prescribed content that has been chosen for its past relevance. Teachers in the 21st century must know who are they dealing with, what are the characteristics of ‘techzines’ so that we find a common ground for learning to be meaningful.

## ناونیشانی سیمینار:

"چۆنییەتی فێرکردنی نەوەی Z و ئەلفا."



# پ. د. کەریم احمد عەزیز

زانکۆی گەرمیان

سەردەمی نوێ ئەرکی مامۆستای گۆڕیوە ، نەوەی نوێ ئیدی مامۆستایەکی ناوێت ئەرکی ئەزبەرکردن ولێپرسینەوەی قوتابیەکانی بێت ، ئەوەندەی مامۆستایەکی دەوێت ئەرکی ڕێکخستنی ژینگەی پۆل و بەکارهێنانی ڕێگای نوێی وانەوتنەوە و پراکتیکردنی تەکنەلۆژیای نوێی فێرکاری و دروستکردنی پاڵنەر لای قوتابی بێت.

ئەگەر نمونەی وانەیەکی پەرتوکی زانستەکان بهێنینەوە بۆ نمونە کاتێک نوسراوە پێناسەی بەهەڵمبوون بکە و ، لەناوەڕۆکی بابەتەکە وەڵامەکەی نووسیوە بەوەی ( بریتییە لە کرداری گۆڕینی شلە بۆ گاز ) مەبەستەکە ئەوە نییە قوتابیەکە ئەو پێناسەیە ئەزبەربکات ، ئەوەندەی ئامانجە فێرکاریەکەی بەکردەیی زانینی پرۆسەکەیە ، بە واتایەکی تر پرۆگرامی نوێ لەسەر بنەمای فەلسەفەیەک دانراوە کە قوتابیەکە بە شێوەیەکی پراکتیک بیزانێت بەواتایەکی تر پێویستە قوتابیەکە ئەزموونی بکات نەک وەک ئێستا مامۆستا بەقوتابیەکانی ئەزبەربکات ، لێرەدا ئەرک و کاری مامۆستا گۆڕاوە بۆ ئاڕاستەکردنی قوتابی و بەسەنتەرکردنی لەپرۆسەی فێربووندا، ئەگەر قوتابیەکە ئەمەی کرد یاخود بەبەرچاوییەوە ئەنجامدرا ئەوا مەبەست و ئامانجی پرۆگرامی نوێی بەدیهاتوە ئەگەرنا وانەوتنەوە بێهودەیە.

خاڵێکی تری مەرامی فەلسەفەی پەروەردەیی نوێ کارکردنە لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی ژیانە لەلایەن قوتابی/خوێندکار لەسەر بنەمای متمانە بەخۆبوون و بڕواپێهێنانی بەوەی کارکردن پیرۆزە و بنەمای ژیانە مەرجیش نییە تەنها لەبواری پسپۆڕی قوتابی/خوێندکار بتوانێت کاربکات ...

## ناونیشانی سیمینار:

"خەسڵەتە پەروەردەییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتیی نەوەی Z و ئەلفا."



## پ. د. نەجات محمد فەرەج

زانکۆی سلێمانی

قوتابخانە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە و کۆمەڵێک یاسا بەڕێوەی دەبات و شێوازێکی ڕەفتاری دیاریکراو بەسەر خوێندکاراندا دەسەپێنێت، لەو ڕێگەیەشەوە ڕۆڵێکی گرنگ و چالاک دەگێڕێت لە سەرکەوتنی خوێندکار و گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی قوتابخانە یاخود پێچەوانەکەی بە کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری ئاڵۆز و جۆردا و جۆ، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە خوێندکارەکەوە هەیە و هەندێکی تریشیان پەیوەندییان بە ژینگەی قوتابخانە و دەرەوەی هەیە. لە لایەکی ترەوە قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پەروەردەیی یەکێکە لەو دامەزراوانەی کە کۆمەڵگا پشتی پێ دەبەستێت لە ئامادەکردنی تاکەکانی و پێگەیاندنیاندا بە ئامانجی گەشەپێدانی کەسایەتییان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی و ژیرییەوە، هەر بۆیە بە گرنگترین سەرچاوەکانی فێرکردن و کارلێکە مرۆڤانەییەکان دەناسرێت.

هەموو ئەمانەی سەرەوە بە گشتی ڕۆڵی قوتابخانەیە لە بونیادنانی تاکێکی بە توانا و سەرکەوتوودا، بەڵام لە سەردەمی جیهانگیری و پێگەیاندنی نەوەی Z و ئەلفا دا، پرۆسە پەروەردەییەکانی قوتابخانە گۆڕانێکی زۆر و گەشەکردنێکی جۆراوجۆری پێویستە تاکوو بتوانێت خۆی لە چوارچێوە تەقلیدیەکانی پەروەردەی نەوەی پێشووتر دەرباز بکات و ئامادەبێت بۆ پێگەیاندنی نەوەی دیجیتاڵی، نەوەیەک کە خەسڵەت و بونیادە ئاکارییەکانی تەواو جیاوازە لە نەوەکانی پێشوو چ لە ڕووی دەرک و تێگەیشتن چ لە ڕووی جیهانبینی و مامەڵەکردنی دیجیتاڵییەوە. ئەم کارەش ئەگەرچی پێویستی بە بونیادێکی مادی تۆکمە و پتەو و دەوڵەمەندە بە داهێنانە تەکنۆلۆژییەکانی سەردەمی گەشەکردنی ژیری دەستکرد، زیاتر لەوەش پێویستی بە فەراهەمکردن و ئەبدەیت کردنی ژێرخانێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئاکاری گەشەدار و پێشکەوتوی مرۆڤدۆستانە هەیە، تاکوو نەوەی دیجیتاڵی لە سایەیدا خۆی بناسێت و دەرفەتەکانی بەردەم وەگەڕخستنی تواناکانی بۆ ئاوەڵا بێت.

## ناونیشانی سیمینار:

"بە سەنتەرکردنی قوتابییان وەک پرۆسەیەکی گرنگی فێربوون."




## زاگرۆس ئەحمەد وەلی

وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن
لە کوردستان


پەروەردە وەک یەکێک لە پرەنسیپە گرنگەکانی پەروەردەکردنی تاکێکی هۆشیار و سەرکەوتوو ئامانجی هەر دەوڵەتێکی پێشکەوتووە لە پێناو دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیار و رۆشنبیردا. لەو رونگەوە، هەر دەلەتێک بوارێک دەگرێتەبەر بۆ پێگەیاندنی ئەو تاکە هۆشیار و سەرکەوتووە. یەکێک لە بوارەکان پرۆسەی پەروەردە و خوێندنە لەناو ناوەندەکانی خوێندندا، بەتایبەتی قوتابخانەکان. لە کوردستاندا تاکە رێگا بۆ دروستکردنی تاکێکی خوێندەوار و رۆشنبیر، تەنها رێگەی قوتابخانە. بەلام ئەم رێگەیەش بەهۆی ئەوەی نەتوانراوە بەشێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە بخرێتەگەر، لە بری ئەوەی تاکێک هۆشیار دروست بکات. بەپێچەوانەوە بە ئاراستەی پێچەوانە نەتوانراوە ئەو ئامانجە بەدی بێت. ئەوەش بە هۆی کۆمەڵێک هۆکار، دواکەوتویی سیستمی پەروەردە، نزمی کوالێتی زانستی مامۆستایان، دواکەوتویی میتۆدەکانی وانەوتنەوە ئەم کێشانەی باسکران، دۆخێکی دروستکردووە. وانەوتنەوەی قوتابخانەکان گرنگی بە سەنتەربوونی قوتابیان نەدات و قوتابیان زیاتر لە پەراوێزی پرۆسەی وانەکان بن، بۆیە ئەم بابەتەی کە دەیخەینەروو، گرنگی بە سەنتەربوونی قوتابیان دەدات بەوەی چۆن لەکاتی وانەکاندا رۆڵێکی گەورەیان پێ بدرێت. رێگەچارەسەرەکان بۆ ئەو پرسە لە کوردستان چیە؟

میتۆدی بەکارهاتوو: شیکاری و روونکردنەوە

کێشەی بابەتەکە: ئایا دەتوانین بە خستنەرووی سیمینار چارەسەر بۆ ئەم پرسە دەدۆزرێتەوە

سەرچاوەکان: بۆ بەهێزکردنی بابەتەکە پشت بە نوێترین داتا و سەرچاوەی زانستی دەبەسترێت.

# بەسەنتەرکردنی قوتابی وەك پرۆسەیەکی گرنگی فێربوون

## زاگرۆس ئەحمەد وەلی
وەزارەتی پەروەردە

## پێشەکی:

**گرنگی بابەتی توێژینەوەکە:** پەروەردە و فێرکردن پرۆسەیەکی دێرین و فرە ڕەهەندە و مێژوویەکی یەك ئاراستەیە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا، سەرەدەمانێك خێزان ئاراستەی کردووە، دواتر لەلایەن دەزگا دەوڵەتییەکانەوە گرنگی زۆری پێدراوە و لە هەناوی هزری تیۆریستەکانەوە گەشەی گەورەتری بەخۆیەوە بینیوە. تاکوو ئەوەی لەسەردەمی ئیستادا لەگەڵ گۆڕانی ئاستی تێگەیشتن و جیهانبینی کۆمەڵگاکاندا، ئامانج و ڕێگا و شێوازەکانی فێرکردنیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە.

هاوشانی سەرجەم ڕێگا و شێوازەکانی فێرکردن، یەکێك لە شێوازە کاریگەرەکانی بواری وانەوتنەوە بریتییە لە شێوازی قوتابی سەنتەری، کە لە ئێستادا گرنگترین بەشی زۆرێك لە قوتابخانەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان پێکدێنیت، بەرپرسێکی سەرەکییە لەو گۆڕانکارییانەی کە لە سیستەمی فێرکاریدا کاریگەری گەورەی بەسەر قوتابیانەوە هەیە. شێوازی وانەوتنەوەی قوتابی سەنتەری دەتوانێت بیرکردنەوەی مامۆستایان و خوێندکاران بەرەو ئاراستەیەکی ئەرێنی بگۆڕێت و ڕۆحێکی داهێنەرانە و هاوچەرخ لە نەوەکانی داهاتوودا دروست بکات.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە: بۆ گرنگی بایەخی ئەم ڕێگایە دەگەڕێتەوە لە پرۆسەی فێربووندا، چونکە لە ئێستادا باڵکێشترین بەشی سیستەمی پەروەردەیە و مەعریفەی قوتابیان بەرەو ئاراستەیەکی بوونیادگەرانە دەگۆڕێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** بەکارهێنانی شێوازی قوتابی سەنتەری، ئەندازەی کاریگەرییەکەی لەسەر هزر و ئامادەسازی قوتابی وەك تاکێکی ڕەخنەگر و خاوەن ئایدیا چەند هێندەی ئاستی بەکارهێنانی شێوازە کلاسیکییەکانی مامۆستا سەنتەرییە، بۆیە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ئەوە پیشان بدات کە لە ڕێگەی ئەم ڕێبازەوە دەتوانریت کارایی و توانای بیرکردنەوەی قوتابی بەرز بکرێتەوە.

**ڕەهەندی هزریی توێژینەوەکە:** لە شێوەی نەریتیدا مامۆستایان پرۆسەی فێربوون ئاراستە دەکەن و خوێندکاران ڕۆڵی وەرگرتن لە پەروەردەدا دەبینن، لەگەڵ هاتنی پەروەردەی پێشکەوتنخوازانە لە سەدەی نۆزدەهەمدا و کاریگەریی دەروونناسەکان، هەندێك لە پەروەردەکاران تا ڕادەیەکی زۆر ڕێبازە تەقلیدییەکانی وانەوتنەوەیان گۆڕی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە منداڵ خۆی ئەوە دیاری دەکات دەیەوێت لە پۆلدا چی بکات.

کلیلی نێوان ئەم گۆڕانکاریانە ئەو پێشمەرجەیە کە خوێندکاران چالاکانە فێربوونی خۆیان بنیات دەنێن. تیۆریستەکانی وەک (جۆن دیوی)، (جان پیاجێ) و (ڤیگۆتسکی) کە کارە بەکۆمەڵەکانیان لەسەر چۆنیەتی فێربوونی خوێندکاران بوو، بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن لە گواستنەوە بۆ فێربوونی قوتابی-سەنتەری. هەروەها بیرۆکەکانی (کارل ڕۆجەرز) سەبارەت بە پێکهاتنی تاك بەشدارییان لە فێربوونی خوێندکاردا کرد. فێربوونی قوتابی-سەنتەری واتە پێچەوانەکردنەوەی تێگەیشتنی تەقلیدی مامۆستا-سەنتەری لە پرۆسەی فێربوون و دانانی خوێندکاران لە ناوەندی پرۆسەی فێربووندا. هەروەها (ماریا مۆنتیسۆری) کاریگەری گەورەی لەسەر ئەم شێوازە بینی و پێی وابوو کە منداڵانی پێش قوتابخانە لە ڕێگەی یاریکردنەوە کە خۆیان بنەماکەی بن فێردەبن.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەشێوەی ژمارەیی دابەشکراوە، سەرەتای توێژینەوەکە لە پێشەکی و پوختەیەك پێکدیت، دواتر باسەکان لە خۆ دەگرێت کە پێکهاتووە لە حەوت باسی سەربەخۆ، باسی یەکەم بریتییە لە (ڕوانگەیەکی مێژوویی سەبارەت بە سەرهەلدانی هزریی قوتابی سەنتەری)، باسی دووەم بریتییە لە (ناساندنی ئەم شێوازە لە وانەوتنەوەدا)، باسی سێیەم بریتییە لە (جیاوازییەکانی نێوان فێربوونی نەریتی و فێربوونی قوتابی سەنتەر)، هەرچی باسی چوارەمە خۆی دەبینێتەوە لە (لایەنە ئەرێنییەکانی قوتابی سەنتەری لە ناوەندەکانی پەروەردەدا)، باسی پێنجەمیش پێکدێت لە (لایەنە نەرێنییەکانی قوتابی سەنتەری لە ناوەندەکانی پەروەردەدا)، سەبارەت بە باسی شەشەم بریتییە لە (بنەماکانی پەیڕەوکردنی قوتابی سەنتەری لە ناوەندەکانی پەروەردەدا)، باسی کۆتایی ئەم توێژینەوەیە ناونیشانێکی پرسیارییە بە ناونیشانی (چۆن فێربوونی قوتابی سەنتەری لە پۆلەکەمدا جێبەجێ بکەم؟). دواجار توێژینەوەکە بە ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دیت.

**سەرچاوەکان:** بۆئەوەی توێژینەوەکە بە ئامانجی خۆی بگات، پشت بە گرنگترین و باشترین ئەو سەرچاوانە بەستراوە، کە دەتوانن کۆمەکی ئەم توێژینەوەیە بکات، لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ژمارەیەك سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی بەستراوە، کە بەداخەوە نەبوونی سەرچاوەی کوردی لەسەر ئەم بابەتە ئەوە پیشان دەدات هێشتا ئەم ناونیشانە لەنێو فەرهەنگی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی کوردیدا گرنگی پێنەدراوە و زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر نیە.

لە کۆتاییدا بە هیوایی توانیبیتمان کەلێنێك لە نێو فەرهەنگی پەروەردەیی لە کوردستاندا بخەینە بەرباس و ئاسۆیەکی ڕوون بۆ پرسی چاکسازی پەروەردەیی پێشنیار بکەین.

## پوختە

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی ( بەسەنتەرکردنی قوتابی وەك پرۆسەیەکی گرنگی فێربوون)، تیشك دەخاتە سەر خستنەروو و باسکردنی ڕێبازی قوتابی سەنتەری لە پرۆسەی فیربووندا، ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیە لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە شیدەکاتەوە، ئەوە دەخاتەروو کە چۆن ئەم پرۆسەیە لەناو ناوەندەکانی پەروەردەدا کاری پیبکرێت و بەرچاوڕوونی تەواو بە مامۆستایان دەدات چۆن لەناو پۆلەکانی خۆیاندا بەکاریبهینن.

میتۆدی بەکارهاتوو لەم تویژینەوەیەدا، بریتییە لە میتۆدی شیکردنەوە و خستەڕوو و هەڵسەنگاندن. هەروەها نەبوونی سەرچاوەی تایبەتمەند لەناو کتێبخانەی کوردی یەکێك بوو لەو کێشانەی کە ئەم تویژینەوەیە ڕووبەڕووی بووەوە، چونکە ئەمە ئەوە پیشان دەدات هیشتا ئەم ناونیشانە لەنیو فەرهەنگی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی کوردیدا گرنگی پێنەدراوە و زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر نیە، ئەوەش ڕاماندەکیشێ بۆ ئەو گریمانەیەی کە ئایا بە پیشکەشکردنی سیمینارێك دەتوانریت ئەم پرۆسە گرنگەی فیربوون بۆ مامۆستایان ڕوون بکریتەوە؟

بۆئەوەی تویژینەوەکە بە ئامانجی خۆی بگات، پشت بە گرنگترین و باشترین ئەو سەرچاوانە بەستراوە، کە دەتوانێ کۆمەکی ئەم تویژینەوەیە بکات، لە نموونەی کتیبە تایبەتمەندەکان سەبارەت بەم پرسە و ئەو گۆڤارانەی کە گرنگی بە کایەی فیرکردنی قوتابی سەنتەری دەدەن، لەگەڵ ڕاپۆرتی چەند قوتابخانەیەکی هاوچەرخ.

## یەکەم: ڕوانگەیەکی مێژوویی

لە ساڵی ١٨٧٥ (فرانسیس دبلیو پارکەر)ـی ئەمریکی کە عەقیدێکی سەربازی بوو، لە شاری کوینسی لە ویلایەتی ماساچوستس کرایە سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان. لە کاتی دەستبەکاربوونیدا فێربوونی زارەکی و سیستەمی نمرەدانان و ڕیزبەندی قوتابیانی ڕەتکردەوە. (جۆن دیوی) فەیلەسوفی پێشکەوتنخوازی پەروەردە، ئاماژەی بە پارکەر کردووە بە "باوکی پەروەردەی پێشکەوتنخوازانە" وەسفی کردووە( Cremin, 1961).

جۆن دیوی کە لایەنگری پەروەردەکردنی  منداڵ و فێربوونی قوتابی بوو، لە کتێبی قوتابخانە و کۆمەڵگا لە ساڵی ١٩٠٠دا، ئاماژە بەوە دەکات کە (منداڵ دەبێتە ئەو خۆرەی کە ئامرازەکانی پەروەردەی لەسەر دەسوڕێنەوە)، (Dewey, 1900)،  دیوی ئاماژەی بەوەدا کە قوتابیان دەبێ سەرقاڵی چالاکییە مانادارەکان بن و وەبەرهێنان لەو شتانەدا بکەن کە فێری دەبن، بەشداری لە دیموکراسی پۆلدا بکەن و میتۆدەکانی فێرکردن دەبێ پەیوەندییان بە ژیانیانەوە هەبێت(Dewey, 1916). لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا، هەندێك لە خوێندکارانی دیوی وەک (ویلیام ئێچ کیلپاتریک)، بنەماکانی خوێندنی پێشکەوتنخوازانەیان فێری هەزاران مامۆستا و سەرکردەی قوتابخانەکان کرد. بەڵام لە ساڵانی ١٩٥٠دا، لە سەردەمی جەنگی ساردا کە دڵەڕاوکێ و پێکدادانی هەردوو بلۆکی سۆشیالیزمی و سەرمایەداری بوو، پەروەردەی پێشکەوتنخوازانە بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەتکرایەوە و وەک بزووتنەوەیەک هەڵوەشایەوە( Neal, 2011)، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، چاکسازیخوازان هەوڵیان دا قوتابخانە ببەستنەوە بە ڕێبازی قوتابی-سەنتەرییەوە ، بەڵام بە بەگوێرەی پێویست وەڵام نەدرایەوە و پێشوازی لێ نەکرا، بە کاردانەوە و دژایەتیکردن کۆتایی هات، بەڵام دوای ساڵانێکی تر بانگەوازێک هاتەئاراوە بۆئەوەی قوتابخانەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ بنەما سەرکەوتووەکانی پرۆسەی فیربوون(Drummond, 2017) .

لەو کاتەوە، بنەماکانی پەروەردەی پێشکەوتنخوازانە لەلایەن چەندین تیۆریست، چاکسازیخوازانی پەروەردە و توێژەرەوە هەوڵی بۆ دەدرا، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر سوودەکانی فێربوونی قوتابی سەنتەری نووسینیان بڵاو دەکردەوە. یەکێک لە ڕیفۆرمخوازە بەناوبانگەکان، کۆچکردوو (تیۆدۆر سایزەر) بوو. لە ساڵی ١٩٨٤ هاوپەیمانی قوتابخانە پێشکەوتووەکانی دەستپێکرد، کە بزووتنەوەیەکی نیشتمانی بەربڵاوی قوتابخانەکان بوو، کە خوێندکارانی خستە ناوەندی پراکتیکی وانەوتنەوە و نۆ (دواتر دە) "بنەمای هاوبەش"ی دابین کرد و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی خستەڕوو، کە زۆرێک لەو بیرۆکە پەروەردەییە پێشکەوتنخوازەکانی کۆکردەوە کە لە دەیەکانی پێشوودا خواستیان لەسەری هەبوو(Cervone, Cushman, . 2012) . لە لوتکەی زۆرترین چالاکی خۆیدا، هاوپەیمانی زیاتر لە ٦٠٠ ئەندامی فەرمی هەبوو، هەرچەندە ڕێکخراوەکە بە فەرمی لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ کارەکانی وەستاند، بەڵام هێشتا چەند سەد قوتابخانەیەک لە سەرانسەری جیهاندا هەن کە "بنەما هاوبەشەکان"ی هاوپەیمانی پراکتیزە دەکەن و قوتابیان دەخەنە ناوەندەکەوە(Nair 2014, ).

فێربوون بە سەنتەری خوێندکار وەك بیرۆکەیەک گەشەی کرد. لەو ماوەیەدا پۆلە تەقلیدییەکان زۆر زیاتر پێکهاتەدار بوون. ئەمەش وایکرد زۆرێک لە دایک و باوکان و مامۆستایان و قوتابیان بزانن کە تەکنەلۆژیای تەقلیدی بە سادەیی بۆ هەندێک لە خوێندکاران گونجاو نییە. بە تێپەڕبوونی کات ئەمە ڕێگەی دا گفتوگۆکان دەست بە ڕوودان بکەن و پۆلەکان دەستیان کرد بە ئارامبوونەوە. مامۆستایان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەو شێوازانە لە پۆلدا کە تایبەت نەبوون بە پۆلێکی تەقلیدی.

## دووەم: ناساندن

پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی گشتی فێربوونی قوتابی-سەنتەری نییە. هەندێک لە تیۆریستەکان پێناسەکانیان بە شێوەیەکی گشتگیر دەخەنەڕوو. بۆ نموونە "قوتابیان چەند هەڵبژاردنێکیان لە فێربوونیاندا هەیە (Neill, , McMahon 2005) لە کاتێکدا هەندێکی تر بنەما تایبەتییەکان پێشکەش دەکەن و فێربوونی  قوتابی سەنتەری بەوە لێك دەدەنەوە کە پێویستە هەموو خوێندکاران بتوانن سەرکەوتوو بن لە کۆلێژ، پیشە و ژیاندا.

هەروەها کۆمەڵێک بەرنامە هەن کە پەروەردەکاران ئاماژەیان  بەوە کردووە کە بریتییە لە فێربوونی کەسیی، فێربوونی بنەمادار بە پڕۆژە و فێرکاری جیاواز. پەروەردەناس(مۆنتیسسۆری)، فێربوونی لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە- وەک ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە قوتابی سەنتەری ئاماژە پێکردووە. کە ئەو بەرنامانە هەموویان لە بنەما و ئامانجدا جیاوازن و ئەنجامەکانیان لە سەرجەم پۆلەکانیشدا جیاوازن Weimer, 2002 )).

هەرچەندە هیچ پێناسە و بەرنامەیەکی تاکەکەسی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی فێربوونی قوتابی -سەنتەری نییە، بەڵام تەوەری یەکگرتوو ئەوەیە کە لە فێربوونی قوتابی-سەنتەریدا مۆدێلەکە لە گەورەساڵان-سەنتەری و ستانداردەوە دەگۆڕێت بۆ قوتابی-سەنتەری و تاکەکەسی. بە تایبەتی فێربوونەکە بەپێی پێداویستی و ئارەزوو و ئاواتەکانی قوتابی جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

فێربوونی قوتابی سەنتەری ئاماژەیە بۆ ڕێبازێکی پەروەردەیی و فەلسەفی کە جەخت لەسەر دابینکردنی پێداویستییە تاکەکەسییەکانی هەر قوتابییەك دەکاتەوە، ڕێبازێکی فێرکارییە کە لەبری مامۆستا سەرنجی فێرکردن بۆ سەر قوتابییان دەگۆڕێت. خوێندکاران ڕۆڵێکی چالاک لە ئەزموونەکانی فێربوونیان لە پۆلدا دەگێڕن و لەگەڵ کارکردنیاندا بە خێرایی دەتوانن فێربن. واتە فێربوونی قوتابی سەنتەری کە بە پەروەردەی فێرخواز سەنتەریش ناسراوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەو شێوازانەی فێرکردن لەخۆدەگرێت کە فۆکۆسی فێرکردن لە مامۆستاوە دەگۆڕن بۆ خوێندکار(Jones, 2007)، خوێندکاران بەردەوام هەڵدەسەنگێندرێن، تەنانەت خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ خۆیان ئەنجام دەدەن، ئەوەش بەو مەبەستەیە بۆئەوەی دڵنیابن لەوەی کە ئایا شارەزا بوون لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە پێویستن بۆ پرۆسەی فێربوونیان.(Rogers, 1983).

فێرکاری قوتابی سەنتەری سەرنج دەخاتە سەر ئەو کارامەییە پراکتیکانەی کە لە فێربوونی لایەنەکانی ژیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەشێوەی سەربەخۆ دەکۆڵێتەوە(Young, Paterson, 2007) . تیۆری فێربوون و پراکتیکی قوتابی سەنتەری لەسەر بنەمای تیۆری فێربوونی بونیادگەرایی دامەزراوە کە جەخت لەسەر ڕۆڵی گرینگی فێرخواز لە بنیاتنانی مانا و زانیاری نوێ و ئەزموون دەکاتەوە. هەروەها بەرژەوەندییەکانی قوتابیان ڕەچاو دەکات و دان بە دەنگی خوێندکاردا وەک ناوەندی ئەزموونی فێربوون دەنێت، لە فەزای فێربووندا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خوێندکاران چی هەڵدەبژێرن، چی فێردەبن، چۆن فێربوونیان خێراتر دەکەن(Crumly, 2014).

هەروەها بەکارهێنانی زاراوەی "فێربوونی قوتابی-سەنتەری" ڕەنگە بە سادەیی ئاماژە بێت بۆ بیرکردنەوەی پەروەردەیی یان شێوازەکانی فێرکاریی کە جیاوازی تاکەکەسی لەنێوان فێرخوازاندا ڕەچاو دەکات، بەم مانایە فێربوونی قوتابی سەنتەری جەخت لەسەر ئارەزوو و توانا و شێوازی فێربوونی خوێندکاران دەکاتەوە، هەروەها وەک ئاسانکارییەك مامۆستا، فێربوون بۆ تاکەکان دادەنێت نەک بۆ پۆلەکە بە گشتی.

## سێیەم: جیاوازییەکانی نێوان فێربوونی نەریتی و فێربوونی قوتابی سەنتەر

1. شێوازی نەریتی فێرکردن بەزۆری لە کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لە سەر خوێندکار پێکدێت. پاشان توانای خوێندکار بۆ هەڵمژینی زانیارییەکان کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی قەڵەم و کاغەزەوە ئەنجام دەدرێت. لێرەدایە کە خوێندکاران توانای خۆیان بۆ بەرهەمهێنانەوەی زانیارییەکانیان لەسەر بابەتەکە لە شێوەی وەڵامی کورت و پرسیاری فرە هەڵبژاردن نیشان دەدەن، هەربۆیە ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە زۆرجار ئیلهامبەخش نین بۆ خوێندکار.

**ڕێبازی فێربوون لە قوتابی سەنتەری** ئیلهام بەخشە بۆ خوێندکار بۆ ئەوەی بەشداری لە غەریزە داهێنەرەکانیدا بکات و توانای دەربڕینی ئەوەی دەیزانێت بە چەندین شێوە پەرەپێبدات. هەروەها ئەوە نیشان دەدرێت کە خوێندکار ئەگەری زیاتری هەیە زانیارییەکانی خۆی لە ژینگەیەکی جیهانی ڕاستەقینەدا لە ڕێگەی ئەم شێوازەی وانەوتنەوەدا بهێڵێتەوە و بگوازێتەوە.

2. مۆدێلی نەریتی فێربوونی مامۆستا سەنتەری ئەو پێکهاتەیە بوو کە ساڵانێك پەیڕەوی لێدەکرا. لەم چوارچێوەیەدا مامۆستا لە سیستەمێکی یەکلایەنەدا زانیارییەکانیان بە خوێندکاران دەبەخشی. یەکێك لە کەموکورییەکانی ئەم پێکهاتەیە ئەوەیە کە زۆرجار ئەو پەروەردەیەی کە پێشکەشیان دەکرد بەهۆی زانیاری و ئەزموونی سنووورداری ژیانی مامۆستاوە بوو. **بەڵام لە ژینگەی فێربوونی قوتابی سەنتەری**، خوێندکاران هاوکاری لەگەڵ ڕاهێنەرەکانیان دەکەن، کە بیرکردنەوە و بۆچوون و شێوازی فێربوونی خوێندکاران لە کاتی وانەوتنەوەدا لەبەرچاو بگرن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک سوود بۆ خوێندکاران بگەیەنێت، ئەمەش بە پێچەوانەی پەروەردەی نەریتییە، کە ناوی لێنراوە "فێربوونی مامۆستا-سەنتەری"، کە مامۆستا وەک ڕۆڵی سەرەکی "چالاک" دادەنێت لە کاتێکدا خوێندکاران ڕۆڵێکی "پاسیف"تر، وەرگر دەگرنەبەر.
3. لە پەروەردەی مامۆستا سەنتەرییدا، مامۆستایان ئەوە هەڵدەبژێرن کە خوێندکاران چی فێردەبن و خوێندکاران چۆن فێر دەبن و چۆن خوێندکاران لەسەر فێربوونیان هەڵدەسەنگێندرێن. لە بەرامبەردا، **فێربوونی قوتابی سەنتەری** پێویستی بەوەیە کە خوێندکاران بەشداربوویەکی چالاک و بەرپرسیار بن لە فێربوونی خۆیان و بە خێرایی فێربوونی خۆیان (Johnson, 2013).
4. فێربوونی قوتابی سەنتەری، ڕێگە بە خوێندکاران دەدرێت کە چالاکانە بەشداری لە پرۆسەکانی فێربوونی دۆزینەوەدا بکەن لە ڕوانگەیەکی سەربەخۆوە. خوێندکاران تەواوی کاتەکانی پۆلەکە بەکاردەهێنن بۆ بنیاتنانی تێگەیشتنێکی نوێ لەو مادەیەی فێردەبن بەبێ ئەوەی پاسیف بن. **فێربوونی پاسیف** کە زیاتر وەک فێربوونی وانە یان فێربوونی زارەکی ناسراوە، دەرفەتی کەمتر بۆ هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنی خوێندکار دەرەخسێنێت، ڕەنگە بۆ زۆرێک لە خوێندکاران بێزارکەر بێت و دەبێتە هۆی ئەزموونێکی فێربوونی کەمتر بەشداربوو.(Weimer, 2002 ).
5. لە پۆلی مامۆستا ناوەندیدا مامۆستا سەرچاوەی سەرەکی زانستن. بۆیە گرنگی فێربوون لەم پرۆسەیەدا بەدەستهێنانی زانیارییە لەلایەن خوێندکارەوە. هەروەها فێربوونی زارەکی یان لەبەرکردنی تێبینی یان وتارەکانی مامۆستا چەند دەیەیەک لەمەوبەر پێویستییەکی بوونیادی بوو. لە لایەکی دیکەوە، **ئێستا پۆلەکانی قوتابی سەنتەری** نۆرمێکن کە فێربوونی چالاک بە توندی هاندەدرێت. ئێستا خوێندکاران لێکۆڵینەوە لە مادده پەیوەندیدارەکان بە سەرکەوتنی ئەکادیمیاکەیان دەکەن و بەرهەمهێنانی زانیاری وەک ستانداردێک سەیر دەکرێت.
6. لەگەڵ کراوەیی ژینگەی فێربوونی قوتابی سەنتەریدا، بەرهەمهێنانی زانیاری زۆر گرنگە کاتێک دەرفەت دەدات بە خوێندکاران بۆ گەڕان بەدوای شێوازەکانی فێربوونی خۆیان. لەو ڕووەوە فێربوونی سەرکەوتوو کاتێک ڕوودەدات کە فێرخوازان بە تەواوی سەرقاڵی پرۆسەی فێربوونی چالاک بن. جیاوازییەکی دیکە لە **پۆلی مامۆستا سەنتەری** بۆ پۆلی خوێندکار، کاتێکە کە مامۆستا وەک ئاسانکارێک مامەڵە بکات. لە بنەڕەتدا ئامانجی مامۆستا لە پرۆسەی فێربووندا ڕێنماییکردنی خوێندکارانە بۆ ئەوەی لێکدانەوەی نوێ بۆ مادەی فێربوون بکەن.(Klein, Ciotti, 2022).

# چوارەم: لایەنە ئەرێنییەکانی قوتابی سەنتەری لە ناوەندەکانی پەروەردەدا

کاتێک خوێندکاران وابەستەی سنوورێکی دیاریکراوی فێربوون نین، ئەگەری ئەوە زیاترە کە پێشەنگایەتی خوێندنەکەیان بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی سەربەخۆیی. کاتێک فێربوون خۆش و سەرنجڕاکێش بێت، خوێندکاران زیاتر بەشداری گفتوگۆی پۆلەکان دەکەن، فێری کارکردنی سەربەخۆ دەبن و کارلێک لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکەن. ئەوە بنەمای فێربوونی قوتابی سەنتەرییە، قوتابی هاندەدرێت  بۆئەوەی بە باشترین شێوە زانیارییەکان فێربێت.

## پەرە بە تواناکانی چارەسەرکردنی کێشە دەدات

قوتابیان پەرە بە تواناکانی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەن، توانای بەکارهێنانی زانیاری و ئەزموونەکانی پێشوویان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک دەخەنەگەڕ. ئەم وەڵامە تەنانەت دەتوانێت لە پۆلیش تێپەڕێت و ئەو زانیارییەی بەدەستی دەهێنن لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا بگونجێنن، واتە ئەم جۆرە وانەوتنەوە یارمەتی خوێندکاران دەدات پەرە بە تواناکانی چارەسەرکردنی کێشەکان بدەن، کە کاتێک ڕووبەڕووی کێشەی هاوشێوە دەبنەوە.

## یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ گواستنەوەی کارامەییەکان بۆ جیهانی ڕاستەقینە

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، کاتێک فێرخوازەکان فێربوونیان لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا دەگونجێنن، ئەوا توانای چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەکانیان بۆ دروست دەبێت، ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە یارمەتی خوێندکاران دەدات پەیوەندی بە ئەزموونەکانی ژیانی ڕاستەقینەوە دروست بکەن، فێربن بە بەڵگەی لۆژیکی پشتگیری لە ئەنجامەکانیان بکەن و فێربن لە ڕێگەی پرۆسەی بەراوردکردن و وردبوونەوەوە شتەکان بخەنە ژێر پرسیارەوە. (Weimer, 2002 ).

## پەرە بە توانا کۆمەڵایەتییەکان دەدات

لە ڕێگەی گفتوگۆی پۆل و چالاکییەکانی گروپەوە، خوێندکاران فێردەبن چۆن بیرۆکە و دۆزینەوەکانیان بە شێوەیەکی دروست لەگەڵ کەسانی دیکەدا بگەیەنن، لە ڕێگەی پەیوەندیکردنەوە خوێندکاران تێگەیشتنێک بەدەست دەهێنن کە چۆن لە ڕاست و دروستی چەمکەکان تێبگەن، ئەمەش شتێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتن لە جیهانی ڕاستەقینەدا کە ڕووبەڕووی بیرۆکە و ئەزموونی جۆراوجۆر دەبنەوە.

## پاڵنەرێکی سروشتیە کە فێربوون بەرەوپێش دەبات

فێربوونی قوتابی سەنتەری جەخت لەسەر چەسپاندنی دیدگای قوتابی دەکاتەوە. لەبری ئەوەی تەنها ڕاست بێت یان هەڵە بێت، خوێندکار هاندەدرێت بۆ هەڵسەنگاندنەوەی زانیاری و تێگەیشتنی ئەو چەمکەی کە لەبەردەستیدایە. ئەمەش یارمەتی دروستکردنی متمانەی خوێندکار دەدات و پاڵنەرێک دەبێت بۆئەوەی لە داهاتوودا پرۆسەی فێربوونی گەشەکردووتر بێت.

## هاندەری باشتر بۆ مانەوەی زانیاری بە ماوەیەکی زۆرتر

لە ڕێبازی فێربوونی قوتابی سەنتەری لەبری تەکنیکەکانی کۆکردنەوەی زانیاری تەقلیدی، لەبری ئەوەی فێری زمانی بیانی لەڕێگەی کتێبی خوێندنەوە بکەیت، هانی فێرخوازەکان بدە کە بەو زمانە تێبینی بۆ یەکتر بنووسن.

## بەشداریکردنی قوتابیان لە وانەکاندا باشتر دەکات

بەشداریکردن یەکەم هەنگاوە بۆ سەرکەوتنی هەر بەرنامەیەکی فێربوون. پێداویستییە سەرەکییەکانی فێرخوازان لە ڕێبازی قوتابی سەنتەری دەستەبەر دەکرێت، ئەمەش ئەزموونێکی فێربوونی تایبەتمەند و ئاسوودە پێشکەش دەکات و وادەکات خوێندکاران یاری و ڕاهێنانیان خۆشبوێت.

بە هەمان شێوە لەم ڕێبازەدا فێرخوازان بۆ دەستگەیشتن بە زانیاری کۆرسەکان، تابلێت یان ئامێری مۆبایل بەکاردەهێنن، ئەمەش هاندەری بەشداریکردنێکی باشتری فێربوونی ئەلیکترۆنی دەبن بە گرنگیدانێکی ورد بە پێداویستییەکانی خوێندکاران. (Johnson, 2013).

## فێربوونی کەسیی چالاک دەکات

هەموو خوێندکارێک هەمان مەرجەکانی فێربوونی نییە. هەندێک کەس دەیانەوێت لە بنەماکانی بیرۆکەیەک تێبگەن، هەندێکی تر پێیان باشە کۆرسێک بە قووڵی بخوێنن. جگە لەوەش، ڕەنگە هەندێک لە خوێندکاران پێشتر تێگەیشتنیان لە بابەتێک هەبێت، هەندێکی تریش ڕەنگە بە تەواوی پێی ئاشنا نەبن.

شێوازە تەقلیدییەکانی فێرکردن یەک مامەڵە لەگەڵ هەموو خوێندکاران دەکەن و لەوانەیە نەتوانن پێداویستییە جیاوازەکانی قوتابیان دابین بکەن. لەم ڕوانگەوە فێربوون قوتابی سەنتەری لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتووترە.

## فێربوون دەکاتە ئەزموونێکی چێژبەخش

فێربوون کاتێک چێژبەخشتر دەبێت کە یاری و چیرۆک لە پۆلدا بەکاربهێنرێت. لەم بوارەدا خوێندکاران بژاردەی زۆریان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کۆرسێک پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەبێت، پێویستە بژاردەی بابەتەکانی توێژینەوە پێشکەش بە خوێندکاران بکرێت. هەمان شێوە مۆدێلی قوتابی سەنتەری چەندین میدیای جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت، لەوانە فیلمی پەروەردەیی، ئەرکی پراکتیکی و هتد. ( Weimer, 2002).

## ئیلهام بەخشە بۆ هاوکاری و کاری تیمی

ئێمە وەک بوونەوەری کۆمەڵایەتی بەشێوەی گروپ باشتر فێردەبین. بەڵام پێدەچێت شتێکی سروشتی بێت کە هەموومان بە باشی پێکەوە کاربکەین. فێربوونی قوتابی سەنتەری هاندەر و هاوکاری و کاری تیمی لە نێوان خوێندکارانی هەموو تەمەنەکاندا بەو پێیەی زۆرێک لە پرۆژە و ئەرکی گروپی لەخۆدەگرێت دەکات. هەروەها دەتوانرێت فێربوونی قوتابی سەنتەری بەکاربهێنرێت بۆ یارمەتیدانی خوێندکارانی دەرەکی و جیاوازییەکانیان لەڕووی ئاستەوە چارەسەر بکات

## دیدی ڕەخنەگرانە لای قوتابییان گەشە پێدەدات

فێربوونی قوتابی سەنتەری ژینگەیەکی هاوبەش دروست دەکات کە خوێندکاران بە ئامۆژگارییەوە بەشداری تێدا دەکەن، خوێندکاران هاندەدرێن کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لەوە بکەنەوە کە چی فێردەبن و بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن دەیانەوێت فێربن و زانیاری پیشان بدەن. ئەمەش دەتوانێت گروپی بچووک بگرێتەوە کە خوێندکاران دەتوانن فێربن و زانیاری بگۆڕنەوە. هەروەها لەو ڕێگەیەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەدەستدەهێنن کە پێویستییەکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕاستەقینەیان. ئەم کارامەییانەی کە خوێندکاران دەتوانن لە جیهانی ڕاستەقینەدا خۆیانی لەگەڵیدا بگونجێنن و گەشە بکەن.

## پەیوەندی پتەوتر لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان دەستەبەر دەکات

فێربوونی قوتابی سەنتەری دەتوانێت پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان دروست بکات. مامۆستایان ڕۆڵی ڕاهێنەر و ڕێنمایکار دەگێڕن، واتە خوێندکاران و مامۆستایان پەیوەندییەکی بەهێز پەرەپێدەدەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی خوێندکاران دەگەنە ئامانجەکانی فێربوون. (Johnson, 2013)).

## خوێندکار ڕۆڵێکی کارا لە خوێندندا دەگێڕێت

دەتوانێت تەحەدایەک بێت بۆ فێرکردنی منداڵ کاتێک کە پەرۆش نییە بۆ ئەوەی فێر دەبێت. لە ژینگەیەکی فێرکاریدا کە قوتابی سەنتەری بێت، لەبری ئەوەی فێربکرێن، خوێندکاران هاوکاری مامۆستاکانیان دەکەن و پێکەوە فێردەبن. خوێندکاران پەیوەندییەک لەگەڵ مامۆستاکەیان دادەمەزرێنن کە دەتوانن بیرۆکە و پرسیارەکان لە یەکترەوە بگۆڕن.

## ئامادەسازی قوتابییان بۆ دوای قۆناغی ئامادەیی
## (پشت بە ڕاپۆرتی ساڵانەی قوتابخانەی نیودەوڵەتی پەکین بەستراوە)

قوتابخانەیەکی گەورە کە قوتابی سەنتەری بێت، پێویستە بتوانێت ئەو زانیاری و لێهاتووییانەی کە منداڵ پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی لە پیشەکەیدا بەرەو پێشەوە بچێت دابین بکات، کاتێک پرۆگرامەکان قوتابی سەنتەری بن، منداڵەکەت باشتر ئامادە دەبێت بۆ بەرگەگرتنی ئاستەنگەکانی زانکۆی دڵخوازی خۆی، ژینگەی فێربوون قوتابی سەنتەری ئیلهامبەخشن بۆ کاری لێکۆڵینەوە لەلایەن قوتابیانەوە.

کاتێک قوتابخانەکان فەلسەفەیەکیان بۆ گرنگیدان بە فێربوونی قوتابیان هەیە، شێوازی گفتوگۆکانی نێوان قوتابیان و ڕێنماییکردنی وانەکان دەخەنە ناو پرۆگرامەکانیانەوە و ژینگەی فێربوونی نەرم و نیان پێشکەش دەکەن و ئیلهامبەخشن بۆ قوتابیان و ستافی مامۆستایان بۆئەوەی تیایدا بمێننەوە. فەزای فێربوون کاتێك ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، یارمەتی فێربوونی قوتابیان دەدات بۆئەوەی دەرفەتی بەهێزییان بۆ گەڕان و بەدوای بەدواداچوون بۆ بڕەخسێنی.

## پەرەپێدانی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کارەکتەری قوتابیان

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو خوێندکارانەی لە ژینگەیەکی قوتابی سەنتەریدا فێردەبن، متمانەیان بەخۆیان زیاترە، باشتر دەتوانن بیرکردنەوە و بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو، سەرکردەیەکی باشترن و لەڕێگەی پەروەردەکردنی خۆیانەوە ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوان بکەن. کە ئەمەش زۆر گرنگن بۆ دڵنیابوون لەوەی منداڵەکەت باشترین دەرفەتی بۆ دابینکراوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت (INTERNATIONAL SCHOOL OF BEIJING).

# پێنجەم: لایەنە نەرێنییەکانی قوتابی سەنتەری لە ناوەندەکانی پەروەردەدا

## منداڵانی قوتابخانەی سەرەتایی لە کاتی فێربووندا بە دەوری پۆلەکاندا بڵاودەبنەوە.

لە کاتێکدا کە فێربوون بە قوتابی سەنتەری گرنگە و چەندین سوودی هەیە، پێویستە مامۆستایان ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ژینگەی فێربوونی ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ڕێبازێکی جیاواز و ستراتیژی نوێ دەبێت جیاواز لەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت لە "پۆلێکی نەریتی"دا بەکاریبهێنێت.

## پاراستنی ڕێکوپێکی پۆلەکان سەختە

پێویستە مامۆستایان ئاگاداربن کە پۆلەکانی قوتابی سەنتەری زۆرجار بریتین لە کارکردنی هاوبەشی قوتابیان، زۆرجار دۆزینەوە و گفتوگۆکردن دەربارەی فێربوونەکانیان کە لە ڕێگەی ستراتیژ و ڕێبازە جیاوازەکانەوە پەیرەو دەکرێت، وا لەسەر مامۆستایان پێویستە کە پۆلێکی قسەخۆش و سەرقاڵ لە ئەستۆ بگرن، لە هەمان کاتدا ڕەچاوی ئەوەش بکەن کە هانی قوتابیان بدەن بۆئەوەی خاوەنداریتی و بەرپرسیارێتی کات و هەوڵەکانی پێشکەوتنی فێربوونیان وەربگرن.

## پلاندانان بۆ وانەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی خوێندکار کاتێکی زیاتری دەوێ

بەهۆی ئەوەی زیاتر سەربەخۆیی قوتابیی لە پۆلدا پەیڕەو دەکرێت، مامۆستایان پێویستیان بە ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئەو ئامراز و سەرچاوانەی دەبێت کە قوتابیان بۆ بەشداریکردن لە فێربوونیان پێویستیانە. هەروەها پلاندانان و ئامادەکارییەکە پێویستی بە ڕەچاوکردنی هەنگاوە جیاوازەکانی فێربوونی قوتابیان دەبێت لە پۆلدا. مامۆستایان دەتوانن کاتێک بۆ کارکردن بە تاک لەگەڵ قوتابیان دابڕێژن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەدواداچوون بۆ ئامانجەکانیان دەکەن. (Cremin, 1961).

## پشوو درێژی مامۆستایان و گەشەپێدانی پیشەیی

پۆلێک کە قوتابی سەنتەری بێت، دەتوانێت چالاک بێت و پرۆسەی پەروەردەی تیادا سەرکەوتوو بێت، هاوکات مامۆستایان نابێت چاویان لەسەر ئەوەبێت کە گۆڕانکاری لە پۆلەکانیاندا بە شەو و ڕۆژێك بێتەکایەوە، بەڵکو دەبیت بە گرنگییەوە بەشداری لە گەشەپێدانی پیشەیی بکەن بۆئەوەی پشتگیریکاریکی باش بن لە گواستنەوەیەک کە سەرنجی قوتابیان دەخاتە سەر ناوەندی پرۆسەی فێربوون.

## کێشە لە تێڕوانینی هەڵە

لەم پرۆسەیەدا، نیگەرانی دەربارەی ئەوە هەیە کە ڕەنگە هەندێک لە قوتابیان زانیاری گرنگ لەدەست بدەن یان زانیارییەکان بە هەڵە لێکبدەنەوە. ئەم بابەتە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی هەندێک لە قوتابیان پێش نەکەون یان پەرە بە زانستی هەڵە بدەن.

## هاوکاری و کاری تیمی

هەرچەندە فێربوون لە قوتابی سەنتەریدا بەپێی پێداویستییە تایبەتەکانی قوتابیان فەراهەم دەکرێت، بەڵام هاوکاری و کاری تیمی هێشتا بەشێکی گرنگی ئەزموونی فێربوونی قوتابییانە، ئەو کارامەییانەی کە لە ڕێگەی هاوکاری و کاری تیمییەوە فێر دەبن، لە کاتی بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە بۆ جیهانی ڕاستەقینە گرنگییەکی زۆریان هەیە. بەڵام ڕەنگە ئەم شێوازە بۆ ئەو قوتابیانە گونجاو نەبێت کە پێیان باشە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار بکەن. (Cervone, 2012)).

## نەبوونی کۆنترۆڵ لە پۆلدا

لە ژینگەی فێرکاری قوتابی سەنتەرییدا، قوتابیان ئازادن لە کارلێککردن، ڕەنگە فەزای پۆلەکە هەست بە نارێکخراوی و ژاوەژاو بکات، ئەمەش وا دەکات بەڕێوەبردنی پۆلەکان ئاستەنگ بۆ مامۆستایان دروست بکات، کە لەوانەیە کاتەکانی فێرکردن ببرێت و ڕێگری لە پرۆسەی فێربوون بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکاران نەتوانن سەرنجیان لەسەر فێربوونی مادەکە بێت بەوپێیەی لە پۆلەکەیاندا پشێوی هەیە.

## تێگەیشتنی مامۆستا لەم ڕێبازە

ئەگەر فێربوون بەشێوەی قوتابی سەنتەری بۆ مامۆستا ئەزموونێکی نوێ بێت، لەوانەیە مامۆستا کاتێکی زیاتر بۆ ڕێکخستنی شێوازەکانی وانەوتنەوە تەرخان بکات، ئەگەر ئەو ڕێگەیە نەگرێتەبەر، لەوانەیە مامۆستایان بە تەواوی لەو شێواز و تەکنیکانە تێنەگەن کە لە پۆلی قوتابی سەنتەری بەکاردەهێنرێن، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی مامۆستا و قوتابیان بە تەواوی لە مادەکە تێنەگەن.

## ئامادەکاری خوێندکار

لەکاتێکدا فێربوونی قوتابی سەنتەری دەتوانێت بۆ زۆرێک لە قوتابیان سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام ڕەنگە هەندێکی تر بەهۆی چەندین هۆکارەوە هەست بە بەشدارینەکردن بکەن، بۆ نموونە لەوانەیە قوتابیان ئامادە نەبن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕێبازە بۆ فێربوون، لەوانەیە کاتێکی زۆر بخایەنێت تاکوو قوتابیان خۆیان لەگەڵ شێوازێکی نوێی فێربووندا بگونجێنن کە ئەمەش ڕەنگە ڕێگری لە پرۆسەی فێربوون بکات. (Johnson, 2013)).

# شەشەم: بنەماکانی پەیڕەوکردنی قوتابی سەنتەری لە ناوەندەکانی پەروەردەدا

## چۆن تەکنەلۆژیا یارمەتی خوێندکاران دەدات بە خێرایی خۆیان فێربن؟

منداڵانی قوتابخانە لە پۆلدا بە بەکارهێنانی تابلێتێکی دیجیتاڵی لە کاتی فێربووندا کە ژینگەیەکی فێربوونی قوتابی سەنتەری بێت، وا لە مامۆستایان دەکات زیاتر پشت بە تەکنەلۆژیای پەروەردەیی ببەستن وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابیان.

تەکنەلۆژیا پێکهاتەیەکی گرنگی پۆلێکی قوتابی سەنتەرییە، چونکە ڕێگە بە قوتابیان دەدات بەشداری لەو شێوازە فێربوونانەدا بکەن کە گونجاوە بۆیان.

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ڕێگە بە فێربوونی کەسیی دەدات، بۆیە قوتابیان دەتوانن بەشداری لە پرسیار و لێکۆڵینەوەی ئاڵۆزدا بکەن، لە هەمان کاتدا لە چەمکەکانی پۆل تێبگەن و کارامەیی پێویست لە سەدەی بیست و یەکدا پراکتیزە بکەن. لە کۆتاییدا تەکنەلۆژیا ڕێگە بە قوتابییان دەدات بە خێرایی خۆیان دەرئەنجامەکانی فێربوون بەدی بهێنن. (Weimer, 2002 ).

### جێبەجێکردن

توێژینەوەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە فێربوونی قوتابی سەنتەری پێویستە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆسەی پەروەردەدا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەوە دەردەخەن کە ژینگەی فێربوونی پاسیڤ بۆ خوێندکاران ناگونجێت.

### دابینکردنی شوێن

دابینکردنی شوێن بۆ خوێندکاران بۆ کارکردن، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی سەرقاڵ بن و پاڵنەرێکی زۆریان بۆ بەردەوامبوون لە فێربوون هەبێت.

### هونەر و یارییەکان

ئێمە لە ڕێگەی پلاتفۆرمە فێرکارییە دیجیتاڵییەکانەوە کە لەسەر بنەمای یارییە دیجیتاڵییەکان بۆ فێربوون لەچوارچێوەی ڕێبازی قوتابی-سەنتەری پشتگیری دەکەین، چونکە دەرفەت بە قوتابیان دەدات کە بە خێرایی بۆ شارەزابوون لە کارامەییەکانیان کار بکەن، هەروەها یارییەکان سەربەخۆیی ئەوە دەدەن بە قوتابیان بۆ ئەوەی ئاڤاتاری خۆیان بەپێی خواستی خۆیان دابنێن بۆ ئەوەی خواستی قوتابیان بە شێوازی دڵخوازی خۆیان ڕەنگڕێژ بکەن و ژینگەیەک دروست بکەن کە یارمەتیان بدات هەست بە پەیوەندی زیاتر بکەن و سەرقاڵی ئەزموونی فێربوون بن.

## بەشداریکردنی قوتابیان لە فێربووندا، سروشتییە کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببنەوە.

قوتابیان لە کاتە جیاوازەکان و بە شێوازی جیاواز ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بتوانرێت سەرباری ئەو ئاستەنگانە پرۆسەی فێربوون بێتە کایەوە، کەواتە دەبێت قوتابیان بخەینە ناوەندی فێربوون و بەردەوام بین لە دروستکردنی ئەزموونی فێربوونی کەسیی، ئەمەش واتە پێدانی بژاردە بە قوتابیان لە کاتی وانەکاندا بۆ دابینکردنی ئارەزوو و پێداویستییەکانیان و ڕێگەدان بە مامۆستایان بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئاسانکاری بگرنە ئەستۆ. (Crumly, 2014)).

# حەوتەم: چۆن فێربوونی قوتابی سەنتەری لە پۆلەکەمدا جێبەجێ بکەم؟

ئێستا کە لە سوودەکانی ژینگەی فێرکاری قوتابی سەنتەرییمان بۆ دەرکەوت، گرنگە بزانین لەکوێ و چۆن–ئەم ڕێبازە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێستا کە لە سوودەکانی فێربوونی قوتابی سەنتەری تێگەیشتووی و بڕیارت داوە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم ڕێگایە لە پۆلەکەتدا بدەیت، لێرەدا پێنج ئامۆژگاری بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی دەست پێبکەیت دەخەینەڕوو!

## وردە وردە بۆ فێربوونی قوتابی سەنتەری خۆت ئامادە بکە

- مامۆستایان وەک دەوڵەتی ڕۆما ناتوانن لە ڕۆژێکدا ڕێبازێکی نوێی فێرکاری بگرنەبەر.
- کات بۆ بەشداریکردنی قوتابیان لە بڕیاردان تەرخان بکە، وردە وردە ئامادەیان بکە و دەرفەتی فێربوونی زیاتری قوتابی سەنتەری بخەرە ناو ڕۆتینی پۆلەکەتەوە.
- ناوەندەکانی فێربوون، دەتوانرێت ئاستی بەکارهێنانی قوتابی سەنتەری پێ بەرز بکرێتەوە یان دابەزێنرێت، ئەوەش بەپێی ئەوەی تاکوو چەند قوتابیان پێویستیان بە ڕێنمایی و پشتگیری هەیە.
- کات بۆ دۆزینەوەی ئەو ستراتیژیانەی وانەوتنەوە کە باشترین کاریگەرییان بۆ تۆ و قوتابییەکانت هەیە تەرخان بکە.

## گوێبیستی ئارەزووەکانی قوتابییەکانتان بن

کاتێک بۆ ئەوە تەرخان بکە کە فێرخوازەکان ئارەزووی فێربوونی چی دەکەن.

- لە پۆلەکەتدا ڕاپرسی بکە بۆئەوەی فێرخوازەکان بە شێوەیەکی تایبەت لە ڕێگەی نووسینی تێبینی و سەرنجەوە هاوبەشی بکەن، بۆئەوەی زۆرترین ئارەزووی فێربوون یان دۆزینەوەی پەیوەندیدار بە بابەتێکی دیاریکراوەوە بخەنەڕوو.
- دەتوانیت لە قوتابیان بپرسیت کە چۆن حەز دەکەن دەربارەی بابەتگەلێکی تایبەت بزانن بۆ ئەوەی لە شێوازی فێربوونی پەسەندکراویان تێبگەن.
- پێدانی پێگەیەکی ناوەندی بە دەنگی خوێندکار لە پرۆسەی بڕیاردانی پۆلدا کە یارمەتی قوتابییان دەدات باشتر پەیوەندییان هەبێت و تێبگەن کە فێربوونەکە لە دەوری ئەواندا دەخولێتەوە.

## لێکۆڵینەوە لە فێربوونی ئەزموونی و لەسەر بنەمای پڕۆژە

- هەمیشە ڕێبازێکی فێرکاری جیاواز و مۆدێرنتر بەکاربهێنە و دەرفەت بدە بە قوتابیان کە ئەزموونی فێربوونی دەستییان هەبێت.
- هانی قوتابیان بە شێوەیەکی ڕەسەن و سەرنجڕاکێش بدەن بۆ ئەوەی بەدوای تواناکانی خۆیاندا بگەڕێن و لێکۆڵینەوە لەو وەڵامانەدا بکەن کە سەر بە جیهانی ڕاستەقینەن.
- وەک مامۆستایەک ڕۆڵی ئاسانکار و چاودێری و ڕێنماییکردنی قوتابیان بگرە ئەستۆ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە قوتابیان بدە بەو شێوەیەی کە خۆیان بە گونجاوی دەزانن لە فێربوون نزیک ببنەوە.
- لەوانەیە قوتابیان بە ڕێبازی تاقیکردنەوە، لێکۆڵینەوەی قووڵ، یان داوای ڕێنمایی لە هاوتەمەنەکانیان، بتوانن فێربن کە چۆن بەبەسەر ئاستەنگەکانیاندا زاڵ بن.

## دروستکردنی پلانی وانەکان لە دەوری فێربوونی گرووپی

- ڕێگە بە قوتابیان بدە بە هاوبەشی لە گرووپی بچووکدا بۆ فێربوون و هاوبەشیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان پێکەوە کار بکەن.
- پلانی وانەکان کە لە دەوری لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە سەنتەری بێت دروست بکە و هەڵبژاردنی جۆراوجۆر بە گرووپەکان بدە.
- هەروەها پێدانی دەرفەت بە قوتابیان بۆ ئەوەی فێربوونەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەیەکەوە هاوبەشی بکەن، ئەوەش متمانەیان بەخۆیان بەرز دەکاتەوە و فێری کارامەییەکانی هاوکاری و هاوبەشییان دەکات.

## ئەو بابەتانەی ڕەنگدانەوەی لەسەر قوتابیان هەیە

- گۆڤار یان ڤیدیۆی دیجیتاڵی بەکاربهێنە بۆ ئەوەی قوتابیان بیر لە فێربوونەکانیان بکەنەوە.
- داوا لە قوتابیان بکە کە چی شتێکی ورووژێنەر یان نوێ هەبوو لە ئەزموونی فێربوونەکەدا، کە حەز دەکەن قووڵتر خۆیانی تیادا تاقی بکەنەوە، یان لەوانەیە لەو شوێنانەی کە هێشتا پێویستیان بە هەندێک پشتگیری هەیە، باس بکەن.
- قوتابیان دەتوانن ئەوە هەڵبژێرن کە چۆن حەز دەکەن وانەکە ڕەنگدانەوەی لەسەریان هەبێت، بۆ نموونە، ڕەنگدانەوەی تۆمارکراوێکی دەنگی، ڤیدیۆیی، وەڵامێکی نووسراو، یان کارێکی هونەری.

# ئەنجامەکان

- تێگەیشتن لە سوود و زیانەکانی فێربوونی قوتابی سەنتەری، دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆئەوەی زۆرترین سوود لە هەر لایەک لە لاکانی وەربگیرێت.
- لە کاتێکدا فێربوونی قوتابی سەنتەری هێشتا بۆ زۆربەی ناوەندەکانی فێربوون شێوازێکی فێرکاری تارادەیەک نوێیە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێگەیەکی زۆری بڕیوە.،هەندێک لە مامۆستایان لە ئێستادا تەکنیکەکانی فێربوونی قوتابی سەنتەری لە پۆلەکانیاندا بەکاردەهێنن.
- لەوانەیە فێربوونی قوتابی سەنتەری لە بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکاندا توانای ئەوەی هەبێت کە جێگەی شێوازی تەقلیدی بگرێتەوە.
- سوودەکانی ڕێبازی فێربوونی قوتابی سەنتەری حاشا هەڵنەگرن، بەڵام هێشتا گرنگە کەموکورتییەکانی ئەم ڕێبازە بناسین بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت کام ڕێباز باشترینە بۆ هەریەك لە (قوتابی و مامۆستا).
- جێبەجێکردنی ئەم ڕێبازە پێویستی بە کردنەوەی خول و مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان هەیە، بۆئەوەی باشتر بتوانن لەگەڵ میتۆد و بنەماکانی ئەم ڕێبازەدا ڕابهێنرێن.
- ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان تارادەیەك لەبارە بۆ ئەم رێبازەی فیربوون، بەڵام پیویستی بە پشتیوانی فەرهەنگی و کەلتوری بەهێز هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان


- Cremin, Lawrence.) 1961(. The Transformation of the School: Progressivism in American Education 1876-1957.
- Chicago, IL: The University of Chicago Progress.
- Dewey, John. )1900(. School and Society. Chicago, IL: The University of Chicago Press.
- Dewey, John. )1916(. Democracy and Education. New York, NY: Macmillan; Dewey, John. 1940. Education Today.
- New York, NY: G.P. Putnam's Sons: First Edition.
- Neal, Richard M. )2011(. The Compromising of America: An American Tragedy. Bloomington, IN: AuthorHouse.
- Nair, Prakash. )2014(. Blueprint for Tomorrow: Redesigning Schools for Student-Centered Learning. Cambridge, MA: Harvard Education Press.
- Drummond, Steve.) 2017(. "Open School' Made Noise in the 70's; Now They're Just Noise." National Public Radio,March 27.
- Cervone, Barbara and Cushman, Kathleen. )2012(. Teachers at Work, Six Exemplars of Everyday Practice. Boston, MA: Jobs for the Future and the Nellie Mae Education Foundation.
- O'Neill, Geraldine and McMahon, Tim. )2005(. Student-Centred Learning: What Does it Mean for Students and Lecturers. Emerging Issues in the Practice of University Learning and Teaching.
- Weimer, Maryellen. 2002. Learner-Centered Teaching: Five Key Changes to Practice. San Francisco, CA: Jossey-Bass.
- Jones, Leo. (2007). The Student-Centered Classroom. Cambridge University Press.
- Rogers, C. R. (1983). Freedom to Learn for the 80's. New York: Charles E. Merrill Publishing Company, A Bell & Howell Company.
- Young, Lynne E.; Paterson, Barbara L. (2007). Teaching Nursing: Developing a Student-centered Learning Environment. ISBN_(identifier).
- Crumly, Cari; Dietz, Pamela; d'Angelo, Sarah (November 1, 2014). Pedagogies for Student-Centered Learning: Online and On-Ground. Augsburg Fortress Publishers. doi: ISBN_(identifier) JSTOR.
- Johnson, Eli (2013). The Student Centered Classroom: Vol 1: Social Studies and History. ISBN (https://en.m.wikipedia.org/wiki/ISBN_(identifier).
- INTERNATIONAL SCHOOL OF BEIJING
- ISB is an extraordinary school, made so by a tradition of educational excellence spanning 40 years. Establishing, nurturing, and growing such an exceptional learning community has been and remains intentional; we work hard to build strong relationships so our learning is at its best.
- Klein, jannifer. Ciotti, kapono, (2022), The Landscape model of learning, published by solution tree press: America.

## ناونیشانی سیمینار:

"گرنگی پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەیی مامۆستایان و ئاسۆی پرۆژەی ڕاهێنانی بەردەوام لە قوتابخانەکاندا."



## هەردی عباس محمد

بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی
پەروەردەی گەرمیان

پرۆسەی ڕاهێنان بریتیە لە زیادکردنی کارامەیی تاکی ڕاهێنراو بۆ ئەنجامدان یان کارکردن لە سیستەمێکی دیاریکراوی کاردا کە بێگومان ئەم پرۆسەیەش دەبێت خاوەن ڕێسا و پێکهێنەری تایبەتی خۆی بێت. لێرەوە دەمەوێت سەرنجی هەموو لایەک ڕابکێشم بۆ پرۆسەیەکی دانسقەی وەک ڕاهێنانی پەروەردەیی مامۆستایان، ئەوەی بابەتەکە گرنگتر دەکات ئەرک و ئارمانجی کاری مامۆستایانە، لەو نێوەندەشدا مامۆستایانی قوتابخانەکان هەر لە چوونە بەر خوێندنەوە تا ئاستی پێش زانکۆ کە تەوەری سەرەکی باسەکەی ئێمە پێکدەهێنێت.

ئایا گرنگی ڕاهێنانی پەروەردەیی بۆ ماماۆستایان لە هەمبەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی پێویست بە ئەرکەکەی، لە نمونەی ڕێگاکانی وانەوتنەو و هەڵسەنگاندن و بەڕێوەبردنی پۆل و فیدباک و ئەوانی تر چیە؟

ئایا پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەیی لە سیستەمە پەروەردەییە سەرکەوتوەکانی جیهاندا چۆنە؟ دواتر پرۆسەکە لە کوردستاندا لە چ دۆخێکدایە و فرسەت و لەمپەرەکانی بەردەمی چین؟
دەمانەوێت لە باسەکەماندا شرۆڤەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە و هاوکات چەندین پرسیار و سەرنجی تری پەیوەست بە پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەییەوە بوروژێنین.
لە ئێستادا بەندە وەک مامۆستای ڕاهێنەر لە پرۆژەی ڕاهێنانی بەردەوام لە قوتابخانەکاندا کار دەکەم. پرۆژەکە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە سەرپەرشتی و پاڵپشتی دەکرێت. لە باسەکەمدا ئاماژەیەک بە ناوەڕۆک و وردەکاری پرۆژەکە دەکەم و ئاستەنگ و ئاڵنگاریەکانی بەردەمی دەخەمە ڕوو و هەوڵ ئەدەم نەخشەڕێگایەکی تایبەت بە پرۆژەکە پێشکەش بکەم. مەبەستمە ئەمە و چەندین خاڵی تایبەت بە پرۆژەکە بوروژێنم.

## دروستکردنی پۆلێکی نیمچە سەربەخۆ بەڵام داهێنەرانە

هەردی عباس
مامۆستای ڕاهێنەر لە بەڕێوەبەرێتی مەشق و ڕاهێنان-پەروەردەی گەرمیان

## پوختە:

ئەورۆ لە جیهاندا گرنگیەکی بێڕادە بە پرۆسەکانی ڕاهێنان لە گشت سێکتەر و پنتەکانی بەڕێوەبردن و کارکردندا دەدرێت. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر گرنگی پرۆسەی ڕاهێنان لە بواری پەروەردەدا و لەو نێوەندەشدا ڕاهێنانی مامۆستایان وەک ڕەگەزێکی هەرە گرنگ لە گۆڕینی پەروەردەییدا بەرباس دەخات.

توێژینەوەکە لە دەرگای پەیوەندی نێوان پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەیی و گەشەپێدانی مامۆستایان دەدات. پاشان جەخت لەو پێداویستیانەی پرۆسەی فێربوونی قوتابیانی نەوەی نوێ (نەوەکانی Z و ئەلفا) دەکاتەوە کە دەکرێ لە ڕێی ڕاهێنانی مامۆستایانەوە بەردی بناغەی بۆ دابنرێت و بگوازرێتەوە بۆ ناو پۆلەکانی خوێندن. هەر لەو میانەیەدا خەسڵەتەکانی پرۆسەیەکی ڕاهێنانی پەروەردەیی سەرکەوتوو دەستنیشان دەکرێت و لەو سۆنگەیەوە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کوردستاندا دەخەملێنرێت.

لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەدا خوێندنەوەیەک سەبارەت بە پرۆژەی ڕاهێنانی بەردەوام لە قوتابخانەکاندا دەخرێتە ڕوو کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی کوردستانەوە سەرپەرشتی و بەڕێوەدەبرێت. لە وردەکاری و ئاڵنگاریەکانی بەردەم سەرکەوتنی پرۆژەکە دەکۆڵرێتەوە و ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ پێشنیار دەکرێ.

تێبینی: لەم توێژینەوەیەدا دەستەواژەکانی ڕاهێنان، ڕاهێنانی پەروەردەیی، پرۆسەی ڕاهێنان، خولەکانی ڕاهێنان هاومانان و مەبەست لێیان ڕاهێنانی مامۆستایانە.

## پێشەکی:

ئەوەی ڕاهێنان و پرۆسەی فێربوونی فەرمی لە یەک جیائەکاتەوە ئەوەیە یەکەمیان تا ڕادەیەک کورتخایەن ترە و تاکی ڕاهێنراو کارامەییەکانی ئەنجامدانی کارێک بەدەستدەهێنێت. بەڵام خوێندنی فەرمی درێژخایەنترە و مەبەست لێی وەرگرتنی پسپۆڕییەکی دیاریکراوی زانستی یان پیشەییە.

ئەو دەمەی دێینە سەر باسی ڕاهێنانی مامۆستایان، ئەوا گرنگی چەمکی ڕاهێنان چەندین جار زیاتر دەبێت. سروشتی کاری مامۆستا وایە کار لە گەڵ تەرزی بیرکردنەوە و هەڵسوکەتی مرۆڤدا دەکات کە بۆخۆی بوونەوەرێکی پێکهاتە ئاڵۆزە و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا ڕەنگبێ پێویست بە دەیان کارامەیی و لێزانینی جیاوازجیاواز هەبێت.

کاتێک قسە لە سەر دونیای پەروەردە و مامۆستایان ئەکەین ناخودئاگا بیرمان بەرەو لای منداڵان و نەوەی نوێ ئاراستە دەبێت. نەوەکانی Z و ئەلفا وەک هەر نەوەیەکی تر خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، بە جیاوازی ئەوەی ئەم نەوەیە پێگەیشتووی سەردەمی تەقینەوەی دۆزینەوە زانستیەکانن. لەم سەردەمەی ئێستاماندا مامۆستایان نەوەک تەنها ئەرکیان هاندانی قوتابیانە بۆ هەوڵدان و زانین بەوەی کە چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ پێدراوەکانی ئێستادا بکەن، بەڵکو دەبێت فێرخوازان بە جۆرێ ئاراستە بکرێن کە توانای تێگەیشتن و کارلەگەڵکردنی جۆرەها دۆزراوە و دیاردەی نوێشیان هەبێت. ئامادەگی مامۆستاش بۆ هەڵسوکەوت لەگەل ئەم بارودۆخە نوێیەدا، پێویستی بە هەبوونی کارامەیی و بیرڕەنگینی هەیە. ئەوەش نایەتە گۆڕێ مەگەر پرۆسەیەکی ڕاهێنانی پەروەردەیی سەرکەوتوو لە ئارادا بێ. وەک دەوترێت مامۆستای باش لە دایک نابێت بەڵکو دەبێت پێبگەیەنرێت.

ڕاهێنانی پەروەردەیی مامۆستایان لە زۆربەی دیکۆمێنتە پەروەردەییەکانی دنیادا بە گرنگیەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت. چەندین توێژینەوەی بەنرخ ڕۆڵ و پێگەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە پرۆسەی ڕیفۆرم و گۆڕانکاریە پەروەردەییەکاندا دوپاتدەکەنەوە. ڕاهێنانی ئاستبەرزی مامۆستایان و بەرنامەکانی پەرەپێدانی پیشەیی شانبەشانی ژینگە پاڵنەرەکان، کاریگەری ئەرێنییان لەسەر باشترکردنی دوانەی وانەوتنەوە/فێربوون دەبێت. زانیاری قووڵ و نوێ، توانای وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن، ئامانجی پەروەردەیی ڕوون و پلانبۆدارێژراو، خۆشەویستی و خۆبەخشی، پابەندبوون و هەستی ئەرێنی بەرامبەر بە پیشەی وانەوتنەوە، ئەو تەوەرە سەرەکیانەن کە لە پرۆسەکانی ڕاهێنانی پەروەردەییدا دەبێت لەبەرچاو بگیرێن و گرنگی پێویستیان پێبدرێت(بودێرسە: ٢٠١٦). لە لایەکی ترەوە بێگومان گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە دیاریکردنی جۆر و ئاستی خوێندنی قوتابیاندا هەیە، هەروەها شێوازێکە بۆ بەرەودان بە ئاستی زانیاری و کارامەیی مامۆستایان، بە جۆرێ دەرئەنجامی فێربوونی خوێندکاران باشتر بکات (ئەنانی، ٢٠٢٢). جێی ئاماژەیە ئاستی کارایی قوتابیان ڕاستەوخۆ بەندە بە پرۆسەکانی ڕاهێنانی مامۆستایانەوە، بە ڕادەیەک لە ڕێی تێڕوانین و وردبوونەوە لە دەرئەنجامی قوتابیان، دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ڕاهێنانی پەروەردەیی لە هەر وڵاتێکدا بکەین! (کافێر، ٢٠٢١)

بابەت و ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکان یەکێکی ترن لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان و پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت. لە بەرنامەکانی ڕاهێناندا نابێت تەنها کار لە سەر یەک لایەنی پەرەپێدانی پیشەیی بکرێت، بەڵکو پێویستە ڕەچاوی کۆی پێداویستییە کەسی و پەروەردەییەکانی مامۆستایان بکرێت. هەربۆیە هەمەچەشنی و بەردەوامی زامنی سەرخستنی پرۆسەکانی ڕاهێنانن (ئەلفایدی، ٢٠٢٠).

## مامۆستای نوێ؛ مامۆستای نەوەکانی Z و ئەلفا:

لە گەڵ ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی بە سەر دونیا و ژینگەی فێربوونی فێرخوازانیشدا هاتوە، ڕاستیەک هەیە کە هێشتا مامۆستایان ڕۆلی پێشڕەویانە و سەرکردایەتی خۆیان لە ناو هۆڵەکانی وانەوتنەوەدا لەدەستنەداوە. لە پێشووتردا مامۆستایان تاکە سەرچاوەی زانیاری و زانینی قوتابیان بوون، خوێندکار زیاتر وەک بانکێک بۆ هەڵگرتنی زانیاری و لێسەندنەوە لێی لە تاقیکردنەوەکاندا تەماشا دەکرا(فرێری، ١٩٧٠). بەڵام قوتابی ئەمڕۆ؛ بە نمونە نەوەی Z کە لە هەندێک ناوچەدا ڕۆژانە نزیکەی ١٦ کاژێر ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان بەکاردەهێنن(مۆریس، ٢٠٢٣). بە ئاسانی دەستیان بە خەزێنەیەکی گەورە لە زانیاری دەگات. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ڕۆڵی مامۆستایان دەبێ زۆرتر بەرەو سەرپەرشتیکردن و ئاڕاستکردنی کردەی فێربوون وەربچەرخێت نەوەک تەنها بەخشینەوەی زانیاری. لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا بەشێک لە ناوەندە پەیوەندیدارەکان لە بیری پێداویستیەکانی نەوەی ئایندەدا بوون و لەو پێناوەدا بیرۆکە و پرۆژەی جیاوازیان پێشنیار کرد. زەقترینیان بەرنامەکانی ئیدارەکەی بیل کلینتن بوون بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان بە مەبەستی کارکردن لە پێناو بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی کارامەییەکانی سەدەی ٢١ لە پۆلەکانی خوێندندا(دانگ، ٢٠٢٠).

زۆرینەی ئەو خواستانەی لە هەمبەر گۆڕینی شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایان لە پۆلەکانی خوێندنی کوردستاندا هەن، خواستی دێرینەن، هەڵبەتە بە زیادکردنی ئەو گۆڕانە جیهانیەی کە پڕیشکی کاریگەریەکانی بەر وڵاتی ئێمەش دەکەوێت. بۆ پێگەیاندنی ئاوا مامۆستایەک کە لە بەرامبەر ئەو ئاڵنگاریە بێشومارانەدا دەستەوەستان نەبێت، بێشک نیازمان بە داڕشتنی پلان و پرۆژەی ورد هەیە. لەو پێناوەشدا مەسەلەی ڕاهێنانی پەروەردەیی هەنگاوی یەکەم و سەرەتایە کە دەبێت پەنای بۆ ببردرێت.

## زانستی وانەوتنەوە و ڕاهێنانی پەروەردەیی:

ئاشکرایە کە کاری وانەوتنەوە تێکەڵەیەکە لە هونەر و زانست (مۆریس، ٢٠٢٣)، دوو جۆر پێداگۆگی و شێوازی وانەوتنەوەش بوونیان هەیە، هەر مرۆڤێک بە سروست و هەندێک جار بە کاریگەری ژینگەی دەوروبەر، خاوەنی شێوازێکی تایبەتە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا، بە بواری وانەوتنەوەشەوە، ئەم جۆرەیان ئەزموون تێیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت و لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کاتدا زانیاری و کارامەیی نوێ (گەرچی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراویشدا بێت) بۆ سەربار دەبێت. جۆرەکەی تریان کە گوزارشت لە لایەنە زانستیەکەی وانەوتنەوە ئەکات، بریتیە لە پێداگۆگی فەرمی یاخود زانستی، ئەمەیان زیاتر تایبەتە بە کاری مامۆستایان و وانەوتنەوە لە ناو قوتابخانەکاندا.

لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا پەروەردە زانستێکی بێئەندازە گرنگ و تێروتەسەلە و جۆرەها تیۆر و شێوازی تاقیکراوەی سەرکەوتوو هەن کە دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت. تایبەت بە ئیشکردن لە سەر تەوەرە زانستیەکەی پرۆسەی وانەوتنەوە، ئەوا پێویستمان بە زیاد لە یارمەتیدەرێکە بۆ ئەوەی گەشە بە توانا و کارامەییە پیشەییەکانمان بدەین. لەمەوە دەرگای پەیوەندی نێوان پرۆسەی ڕاهێنانی پەورەدەیی و گەشەپێدانی توانای مامۆستایان دەکرێتەوە.

ڕاهێنانی پەروەردەیی مامۆستایانیش هیچ نیە جگە لە هەموو ئەو چالاکیانەی کە زانین و هۆشیاری مامۆستا دەربارەی وانەوتنەوە گەشە پێدەدات و بە گشتی هاوتەریب کار لە هەر سێ هێڵەکانی بروودان بە کارامەییەکانی وانەوتنەوە، پێداگۆگی و کارامەیی پسپۆڕی دەکات.

## پێگەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە سیستەمە پەروەردەییەکاندا:

گۆڕانکاری لە بواری پەروەردەدا و دواتر لە تەواوی کۆمەڵگاشدا بەندە بەوەی کە مامۆستا بیری لێدەکاتەوە و ئەنجامی دەدات. بەڵێ؛ هەر بەو ساکاریە یاخود هەر بەو ئاڵۆزیە! )وێدێل، ٢٠١٧(. کارەکتەری مامۆستا کە ڕەگەزی سەرەکی ڕەنگڕێژکردنی هەر سیستەمێکی پەروەردەییە، هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی باشکردن لە سێکتەری پەروەردە و دواتر لە تەواوی جڤاتدا، بە بێ قسەکردن لە سەر گەشەپێدانی توانا پەروەردەیی و پیشەییەکانی ئەو، کردەیەکی ناتەواوە و هیچێکی وای لێ سەوز نابێت. هیچ سیستەمێکی پەروەردە لە ئاستی مامۆستاکانی باشتر نیە (دەیڤد کامیرۆن، ٢٠١٠(، وە بۆ باشتربوونی مامۆستایانیش هیچ چارەیەک لە ڕاهێنان و گەشەپێدانی پیشەیی ئەولاتر نیە. لە ئێستادا ڕاهێنان بەشێکی هەرە سەرەکی و دانەبڕاوی سیستەمە پەروەردەییەکانی دنیایە، لە زۆربەی دیکۆمێنت و ستانداردە پەروەردەییەکانی وڵاتاندا بە دەقی ڕاشکاو ئامەژەی پێکراوە، لەوانەش لە بەریتانیا و زۆرێک لە وڵاتانی تر(ستانداردەکانی مامۆستا لە بەریتانیا، ٢٠٢١). ئەوە خولەکانی ڕاهێنان و بەرنامەکانی گەشەپێدانی مامۆستایانن کە مۆڵەتی پیشەیی بۆ مامۆستایان پشتڕاست دەکەنەوە. لەوەش زیاتر؛ ئیدی خولەکانی ڕاهێنان و گەشەپێدان وەک مافی هەرە سەرەتایی مامۆستایان تەماشا دەکرێت.

دەتوانین پرۆسەی ڕاهێنانی پەوەردەیی وەک بەرنامەڕێژ و ئاراستەکەری کۆی سیستەمە پەوەردەییەکە تەماشا بکەین. چیرۆکی گۆڕینی پەروەردەی وڵاتێکی وەک یابان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە لایەن ڕاهێنەرە بیانیەکانەوە بە تایبەت ئەمەریکیەکان، لە پەروەردەیەکی سەربازی شانازیگەر بە جەنگاوەرەکانەوە بۆ جۆرێک لە پەروەردەی کراوە، باشترین نمونەیە. دواتر چۆن ئەو کاریگەریە قوڵە لەسەر کۆی کۆمەڵگەکە بەجێدەهێڵێت و وڵاتەکە دەگات بەوەی کە ئێستا هەیە.

## ڕاهێنانی پەروەردەیی وەک پرۆسەیەکی بازنەیی بەردەوام:

مادام پرۆسەی ڕاهێنان بۆ خۆی کارکردنە لە سەر پێدراوە گۆڕاوەکانی ناو دونیای پەروەردە، ئەم هۆکارە بەسە بۆ ئەوەی خودی ڕاهێنانەکانیش وەک پرۆسەیەکی گۆڕاوی فرەڕەهەند ئەژمار بکرێن. دوبارەبوونە و بەشداری بەردەوام و ڕێکخراوی مامۆستایان لە پرۆسە ئاستبەرزەکانی ڕاهێنانەدا، مەرجی سەرکەوتنی پرۆسەکانی ڕاهێنان و وەدیهاتنی گۆڕانکارین لە شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایاندا(ئەلفایدی، ٢٠٢٠).

دەتوانین قۆناغەکانی بازنەی ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ ئەمانەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

1. ئامانجی ڕاهێنان: هەنگاوی یەکەم لە هەر پرۆسەیەکی ڕاهێناندا بریتیە لە دیاریکردنی ئامانج و مەبەستی ڕاهێنان. لە ئێستادا و لە هەر سیستەمێکی پەروەردەیی دونیادا، ئاساییە کە خواست و پێداویستیەکانی فێربوونی نەوەکانی Z و ئەلفا لە ئەولەویەتی ئامانجەکانی هەر پرۆسەیەکی ڕاهێناندا بن.

تایبەت بە دۆخی پەروەردەی کوردستان، لە ئێستادا بەشداریکردنی زیاتری قوتابیان لە پرۆسەی فێربووندا، کارامەییەکانی سەدەی ٢١، بەرەودان بە کلتوری گفتوگۆ و ڕێزلەیەکگرتن، پاراستنی ژینگە و چەمکی هاوڵاتیبوون، هۆشیاری بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان، پەروەردەی ئەخلاقی و بەرهەڵستی دیاردە دزێوەکانی وەک نادادی، دەکرێت بەشێک بن لە ئامانجەکانی پرۆسەکانی ڕاهێنان کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ترەوە بەرنامەیان بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێی مامۆستایانەوە بگوازرێنەوە بۆ ناو پۆلەکانی خوێندن.

2. دانانی پلان و بەرنامە: هەنگاوی دووەم بریتی دەبێت لە دانانی پلان و بەرنامەیەکی گونجاو بە ئاراستەی جێبەجێبوونی ئامانجەکانی ڕاهێناندا. پلانێک کە تێیدا وردەکاریەکانی پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەیی بە ڕوونی دیاری بکرێت، بە شێوەیەک کە لە گەڵ ستانداردەکانی ڕاهێنانی سەرکەوتوودا بگونجێت.

3. ئامادەکردن و بەرزەفتکردنی پێداویستیەکانی ڕاهێنان: هەر پرۆسەیەکی ڕاهێنانی پەروەردەیی کۆمەڵێک پێداویستی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێت پێشوەخت بەردەستبخرێن. دابینکردنی پەراوی بابەتەکان، ئامرازەکانی پێشکەوتووی فێربوون و هۆڵی گونجاوی وانەوتنە لە گرنگترین پێداویستیەکانی سەرکەوتنی پرۆسەکانی ڕاهێنانن.

4. ئەنجامدانی کردارەکی پرۆسەی ڕاهێنان: هەنگاوی دواتر لە بازنەی ڕاهێنانەکان بریتیە لە ئەنجامدانی کردارەکی و بەڕێوەچوونی ڕاهێنانەکان. تا چەند ڕاهێنانەکان لە ڕووی ئامادەبوون و کات و پابەندبوون بە پلانەکانەوە بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچن هێندەی تر لە ئامانجەکانی پرۆسەکە نزیک دەبینەوە.

5. بەدواداچوون بۆ دۆخ و ئاستی ڕاهێنانەکان: پێویستە لە لایەن لیژنە و کەسانی لێزان و بڕیاربەدەستەوە، چاودێری و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی ڕاهێنان بکرێت و لە ڕێی فیدباکی تایبەتەوە هەڵبسەنگێنرێن.

6. هەڵسەنگاندنی ئاستی گۆڕانکاریەکان لە وانەوتنەوەی مامۆستایاندا: لە دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕاهێنانەکان دەبێت لە ڕێی هەڵسەنگاندنە تایبەتەکانەوە ئاستی گۆڕانکاریەکان لە شێوازی وانەوتنەوە و مامەڵەی مامۆستایاندا بەرەمبنای نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانی ڕاهێنان بپێورێت.

7. هەڵسەنگاندنی ئاستی کاریگەریەکانی ڕاهێنان: گشت پرۆسەی ڕاهێنانەکان و دواتر گۆڕانکاری لە شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایاندا دەبێ لە خزمەت بەرەوپێشچوونی ئاستی کارایی قوتابیاندا بێت. دەرئەنجام؛ دەبێ پێداچوونەوە بە کۆی پرۆسەی ڕاهێنانەکاندا بکرێت و پلان و بەرنامە بۆ ئایندە دابڕێژرێت، بەو شێوەیە دیسان لە سەرەتاوە دەستپێدەکرێتەوە و بازنەی ڕاهێنانەکان بەردەوامی پێدەدرێت.




بازنەی ڕاهێنان

## ڕەگەزە سەرەکیەکانی ڕاهێنان:

ڕەگەزە سەرەکیەکانی ڕاهێنان بریتین لە:

1. مامۆستایانی ڕاهێنراو: مامۆستایان ڕەگەزی بنەڕەتی و سەنتەری پرۆسەکانی ڕاهێنانن، هەر بۆیە پێویستە زەمینەی بەشداریکردنی زۆرترین مامۆستا لە هەڵمەتەکانی ڕاهێناندا بڕەخسێنرێت. هاوکات بۆ دۆخە نائاساییەکان بە پێی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی دروست، مامۆستایان بۆ بەشداریکردن لە خولە تایبەتەکاندا هەڵبژێردرێن. بە زانینی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، کەمی بەڕێوەچوونی خولەکانی ڕاهێنان و نەبوونی پلانی پێویست بۆ هەڵبژاردنی ئەو مامۆستایانەی پێویستیان بە خولی ڕاهێنانی تایبەتە، بەشێکن لە گرفتەکانی پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەیی لە کوردستاندا(ئەلفایدی، ٢٠٢٠).

2. لایەنی ئیداری و ڕێنماییەکانی تایبەت بە ڕاهێنان: ڕادەی گرنگیپێدانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەی ڕاهێنانی پەروەردەیی سەنگی مەحەکی سەرکەوتنی پرۆسەکانی ڕاهێنانە.هەر بۆیە جێی خۆیەتی لە خانەی ئەو بەرنامە و بودجەیەدا کە لە پێناو وەبەرهێنان لە توانستی مرۆییدا تەرخان دەکرێت هەمیشە پشکی پێویست بۆ پرۆسەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان وەلاوە بنرێت.

دامەزراوەکانی تایبەت بە ڕاهێنانی مامۆستایان دەبێت ناوەندی مەحکەم بن و لە لایەن کەسانی شارەزای بواری ڕاهێنانی پەروەردەییەوە بەڕێوە ببرێن. لە کوردستاندا دامەزراوەکانی ڕاهێنان و فەرمانگە بەرپرسەکانی ئەو بوارە وەک پێویست ساز و ئامادە نین بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەیەکی هەستیار و یەکجار گرنگی وەک ڕاهێنانی پەروەردەیی. سەرباری ئەوەش لە باری هەبوونی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە ڕاهێنان، هەست بە کەموکورتی و کەلێن دەکرێت. لە یاسای ژمارە (١٣) ی پەروەردە و فێرکاری لە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٢٢، بە ڕوونی هەست بە پشگوێخستنی بواری ڕاهێنانی پەروەردەیی ئەکرێت. هەڵبەتە دەتوانرێت لە ڕێی دەرکردنی ڕێنمایی پێویستەوە تا ڕادەیەک ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێن.

3. بابەتەکانی ڕاهێنان: بە گوێرەی ئامانجەکانی ڕاهێنان و پێداویستیەکانی مامۆستایان، بڕیار لەسەر هەلبژاردنی بابەت و ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکان دەدرێت. تایبەتمەندی کەسی قوتابیان و ئالۆزی کاری وانەوتنەوە، وا دەخوازێت مامۆستایان دارای زۆرتین کارامەیی بن. هەربۆیە جۆراوجۆرکردنی بابەتەکان یەکێکە لە تایبەتمەندیە هەرەباشەکانی پرۆسەکانی ڕاهێنان.

4. ڕاهێنەرانی پەروەردەیی: ڕاهێنەرانی پەروەردەیی کە ئەرکی پێشکەشکردنی ڕاهێنانەکان بەجێدەگەیەنن، ئەوانیش ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە پرۆسەکەدا دەگێڕن. بۆ هەموارترکردنی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کوردستاندا گرنگە هەوڵی سودوەرگرتن لە ئەزموونە پێشکەوتووەکانی دونیا بدرێت. لە ڕێی کردنەوەی خولی ئاستبەرزی بەردەوام بۆ ڕاهێنەران، هاوردەکردنی ڕاهێنەری بەتوانای دەرەکی، یاخود ناردنی شاندی ڕاهێنەران و مامۆستایان، دەتوانرێت تا ڕادەیەکی باش گوڕێک بە ڕەوتی گۆڕینی پرۆسەی فێرکردندا بدرێت. هەڵبەت پێویستیشە گرفتی نەبوونی نازناوی ڕاهێنەری پەروەردەیی لە پەیکەری سیستەمی پەروەردەدا چارەسەر بکرێت.

## ڕاهێنانی پەروەردەیی لەپێناو گۆڕینی دنیابینی مامۆستایان:

پرۆسەی ڕاهێنان لە پێش هەموو شتێکدا دەبێت پەنجەرەیەک بێت بۆ گۆڕینی دنیابینی مامۆستایان لە پەیوەند بە بابەتی مامەڵەکردن لە گەڵ پرۆسەی فێرکردندا. مامۆستا وەک کارەکتەێکی چاکەخواز لە کۆمەڵگادا، نەوەک تەنیا بۆ شێوازی مامەڵەی لە گەڵ قوتابیاندا بەڵکو پێویستە بۆ تەواوی دنیا و ژیان خاوەن دیدێکی پەروەردەییانە بێت.

ڕاهێنانی پەروەردەیی پێویستە حەزی زانین و فێربوون(فێربوون بە درێژایی تەمەن) لای مامۆستایان چێبکات. ساڵەکانی خزمەت بە بێ ڕاهێنان و پێداچوونەوەی بەردەوام تەنیا لە ژمارەدا زیاد دەکەن و خەرمانی کارامەییەکانی مامۆستا هێندێکی ناچێتە سەر.

یەکێکی تر لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی، هێنانەکایە و کارلەسەرکردنی چەمکەکانی خودڕەخنەکردن و خودچارەسەریە لای مامۆستایان. کاتێک مامۆستایان بە قووڵی درک بەو بەرپرسیارێتیە گرنگەی سەر شانیان دەکەن لە هەمبەر ئاراستەکردنی ڕەوتی فێربوونی قوتابیان و دواتر ئایندەی تەوای کۆمەڵگا، ناچارن سەرەتا لە خۆوە دەست پێبکەن و دان بەو بەرپرسیاریەتی و پشکەدا بنێن کە لە خواروخێچیەکانی کۆمەڵگادا بەریاندەکەوێت، ئەگەر چی بڕێکی کەمیش بێت.

ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە هانی مامۆستایان دەدات بگەن بەو باوەڕەی هەر بۆخۆشیان دەبێت بەشێک بن لە چارەسەر، ئەگەر چی بە بڕێکی کەمیش بێت. مامۆستایان تەنها لە ڕێی هەبوونی هیوا و خەونبینین بە سپێدەیەکی ڕوناکترەوە ئەتوانن داینەمۆی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵ بن. لەو کاروانەشدا خۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ نیشتمان و خەڵک و ژینگەکەی، وزەیەکی نەبڕاوەی خەبات و تێکۆشانەکان دەبێت. لێرەدا تێدەگەین پیشەی مامۆستایەتی، بەتوندی گرێدراوی سێکوچکەی (باوەڕ-هیوا-خۆشەویستی)ە.

## پرۆژەی ڕاهێنانی پەروەردەیی بەردەوام لە قوتابخانەکاندا:

پرۆژەی ڕاهێنان یا خولی بەردەوامی پەروەردەیی لە قوتابخانەکاندا پرۆژەیەکی نوێی وەزارەتی پەروەردەی کوردستانە. دوای تەواوکردنی ئامادەکاریەکانی دەسپێک، وا بڕیارە هەموو مامۆستایەک حەفتانە یەک وانەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکەی خۆیدا وەربگرێت. لە قۆناغی یەکەمدا بابەتی ڕیگاکانی وانەوتنەوە(دیداکتیک) لە لایەن ڕاهێنەرانی تایبەتمەندەوە پێشکەش دەکرێت. دوای تەواوبوونی هەر قۆتاغێکی دیاریکراو لە ڕاهێنانەکان، هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی جێبەجێکردنی بابەت و ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکان لە وانەوتنەوەی مامۆستایاندا دەکرێت.

## پێشزەمینە و ئامانجەکانی پرۆژەی ڕاهێنانی بەردەوام:

پرۆژەی ڕاهێنانی بەردەوام لە ئەنجامی هەبوونی کەلێن لە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایانەوە هاتۆتە بوون، دامەزراوەکانی تایبەت بە ڕاهێنانی مامۆستایان و وانەبێژانی خولەکان دەرەقەتی ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستایان نەدەهاتن کە دەبوایە خولی ڕاهێنان ببینن. بۆ نزیکبوونەوە لە ستانداردە جیهانیەکانی ڕاهێنان لە ڕووی ژمارەی بەشداربووان و کاتژمێرەکانی ڕاهێنانەوە، بیرۆکەی ڕاهێنانی بەردەوام(ڕاهێنانی گەڕۆک) هاتەکایەوە، ئەم جارەیان لە بری چوونی مامۆستایان بۆ شوێنێکی دیاریکراو بە مەبەستی بەشداری لە ڕاهێنانەکان، ستافی ڕاهێنەران سەردانی قوتابخانەکان دەکەن و مامۆستایان بە شیوەی ڕێکخراو حەفتانە ڕاهێنان وەردەگرن. بیرۆکەی ڕاهێنانی بەردەوام دوای ئەوەی لە لایەن چەند پسپۆڕێکی بوارەکەوە لە زیاد لە بۆنەیەکدا (دیداری گەرمیان بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی، ٢٠١٩) پێشنیار کرا و خرایە بەردەم وەزارەتی پەروەردە، دواتر بڕیاری لێدرا و ئامادەکاریەکان بۆ دەسپێکردنی پرۆژەکە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

## ڕاهێنان وەک هەڵمەتێکی نیشتمانی پەروەردەیی:

پرۆژەی ڕاهێنانی بەردەوام لە قوتابخانەکاندا یەکەمین پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەیی گشتگیرە لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێت. لە پێشتردا ڕاهێنانەکان زیاتر پچڕپچڕ و نارێکخراو بوون، هەر بۆیە دۆخ و کاریگەریەکانیان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاواز بووە و ناتوانرێت هەڵسەنگاندنی ورد و زانستیان بۆ بکرێت. ئەو جۆرە لە ڕاهێنان دواجار دەرئەنجامێکی گشتگیر بە دەستەوە نادات و وەک پرۆسەیەکی ڕاهێنانی ئایندەدار تەماشا ناکرێت(ئەلفایدی، ٢٠٢٠).

## سێگۆشەی ڕاهێنانەکان:

خولەکانی ڕاهێنانی بەردەوام لە قوتابخانەکاندا لە لایەن ڕاهێنەرانی پەروەردەیی (مامۆستای ڕاهێنەر)ی تایبەتمەندەوە دەوترێنەوە. مامۆستایانی ڕاهێنەر بریتین لەو مامۆستایانەی کە دوای پرۆسەی دەستنیشانکردنیان، خولی تایبەتمەندی ڕاهێنەرایەتیان بینیوە و بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی پێشکەشکردنی بابەتەکانی ڕاهێنان ئامادەکراون.

لە دەسپێکی خولەکاندا، بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە (دیداکتیک) دەوترێنەوە و وا بڕیارە لە ئایندەدا کار لەسەر بابەتی تر بکرێت. بەشداربووانی ڕاهێنانەکانیش بریتین لە گشت ئەو مامۆستایانەی کە لە ئەرکدان، جگە لە هەندێک قۆناغ و ناوەندی خوێندن کە لەم قۆناغەدا لە ڕاهێنانەکان بەدەرکراون (باخچەکانی ساوایان و خوێندنی شەوانە).

## ئاڵنگاریەکانی بەردەم پرۆژەکە:

وەک هەموو پرۆژەیەکی تر لە سەرەتادا ڕەنگە کۆمەڵێک ئاستەنگ لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەشدا هەبێت کە ئەگەر بیر لە پلانی ورد بۆ چارەسەرکردنیان بکرێتەوە ئەوا دەرئەنجامی باش وەدەست دەخرێت. بەشێک لە ئاڵنگاری بەردەم پرۆژەکە بریتین لە:

- نەبوونی گرنگیپێدانی پێویست. ئەمەش گومان و مەترسی لە کورتخایەنی پرۆژەکە دێنێتە کایەوە.
- نەبوونی ڕێنمایی ڕوون و تۆکمەی تایبەت بە پرۆسەی ڕاهێنانی بەردەوام.
- دابیننەکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ڕاهێنان.
- کێشە و کەموکورتی لە هەڵبژاردن و ئامادەکردنی ڕاهێنەرانی پەروەردەیی.
- دابیننەکردنی پشتیوانی مادی پێویست بۆ پرۆژەکە.
- کەمی ژمارەی ڕاهێنەران لە بەرامبەر ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە بڕیارە بەشداری ڕاهێنانەکان بن.
- نەبوونی پلانی گونجاو بۆ ئەنجامدانی بەڕێوەچوونی ڕاهێنانەکان لە قوتابخانەکاندا (ڕێکخستنی کاتی وانەکان، ئامادەکردنی شوێن و بابەتی ئامادەبوونی مامۆستایان).

## خواست و پێداویستیەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕاهێنانی بەردەوام:

لە بەرامبەردا دەتوانین پێداویستیەکانی سەرکەوتنی پرۆژەی ڕاهێنانی بەردەوام لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

- گۆڕینی پرۆسەی ڕاهێنانی پەروەردەیی لە ڕۆتینەوە بۆ ستراتیژی درێژمەودا.
- گرنگیپێدانی تەواو بە پرۆسەکە لە ئاستی باڵای بڕیاردانلدا.
- دارشتنی پلانی تایبەت بە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان کە بارتەقای سەرکەوتنی حەتمی پرۆژەکە بێت.
- دانانی ڕێنمایی ڕوون و پێویست بە بەڕێوەچونی پرۆسەکە.
- دابینکردنی بودجەی گونجاو کە زامنی سەرخستنی پرۆژەکە بکات.
- ئامادەکردنی زیاتری ڕاهێنەرانی پەروەردەیی (خولی بەردەوامی جۆراوجۆر بۆ ڕاهێنەران).
- لە ڕێی دیاریکردنی ئەرک و مافی شیاو بۆ ڕاهێنەرانی پەروەردەیی هەل بۆ هاتنە پێشەوەی زۆرترین کەس برەخسێنرێت کە ئارەزوومەندی کارکردن لە بواری ڕاهێنەرایەتیدا.
- جۆراوجۆرکردنی بابەتەکانی ڕاهێنان لە ئایندەدا.
- دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕاهێنان لە قوتابخانەکاندا (هۆڵی ڕاهێنان، کۆمپیوتەر و پێداویستیەکانی تر).

## سەرچاوەکان


[1] L. T. View, G. Studies, A. Discourse, S. Implications, T. Eap, and E. S. T. View, “Expériences Pédagogiques Revue en ligne éditée par l ' Ecole Normale Supérieure d ' Oran -Algérie,” no. October, 2016.

[2] Mabel Anane and Alfred Kuranchie, “Analysing the Benefits of Teacher Participation in Training and Development Programmes,” US-China Educ. Rev. A, vol. 12, no. 4, pp. 107–118, 2022, doi: 10.17265/2161-623x/2022.04.002.

[3] S. Kafer, “ScholarWorks @ BGSU Teacher Education Programs of Top PISA Scoring Countries,” 2021.

[4] S. Defallah, A. Alfaidi, F. Ahmed, and M. Elhassan, “The Role of In-Service Training Programs in Teachers Development,” vol. 6, no. 3, pp. 191–195, 2020, doi: 10.18178/ijlt.6.3.191-195.

[5] A. A. Morris, D. Ed, M. T. Miller, and D. Ed, “Teaching Better : A Community College ' s Faculty Development Needs,” vol. 10, no. 2, pp. 1–11, 2023, doi: 10.5296/jet.v10i2.20735.

[6] J. K. Dange, “Role of Teacher Training Program in Enhancing Quality Education 2 . Importance of Teacher Competencies,” vol. 5, no. 6, pp. 137–140, 2020.

[7] R. Alvi et al., “TEACHER EDUCATION,” no. June, 2017.

[8] T. Schools and W. Paper, The Importance of Teaching. 2010.

[9] “Teachers ' Standards,” vol. 2011, no. December, 2021.

[10] Alrafaee, “Education system in Japan”. 2010

[11] Education Law in the Kurdistan Region 2022. Available online: https://legislation.krd/years/?year=2022

[12] Garmian forum for educational development. Available online: https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=1016254452238945&id=100015631989440&mibextid=Nif5oz

[13] Paulo Freire, “Pedagogy of the Oppressed”, 1970.

## ناونیشانی سیمینار:

"گرینگی تەندروستی دەروونی و سۆزداری لە پەروەردە بۆ نەوەی Z."



**دلڤین عبد الستار صادق**

زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک

The mental health of students has been a growing concern in recent years, particularly for Generation Z students who face unique challenges such as social media, academic pressure, and political and social issues. To address these concerns, mental health services and programs in schools have become increasingly important to support the mental well-being of students. One reason why mental health services and programs are crucial in schools is that they provide early intervention and support for students who may be experiencing mental health challenges. By having access to counselors and therapists on campus, students can receive timely and effective treatment that can prevent more serious mental health issues from developing. Additionally, mental health services and programs can also help to reduce the stigma around mental health and promote a culture of openness and understanding. When students see mental health being addressed and prioritized in their schools, they are more likely to feel comfortable seeking help for themselves or supporting their peers who may be struggling.

Finally, mental health services and programs can also promote academic success. Students who are experiencing mental health challenges are more likely to struggle academically, and having access to mental health support can help them to manage their symptoms and focus on their studies.

## ناونیشانی سیمینار:

"پەیوەندی نێوان مامۆستایان و قوتابییان لە پۆلدا: لە مۆدێلی بانکییەوە بۆ پێداگۆژی ڕەخنەیی."




د. سعید قادر فقێ ابراهیم

زانکۆی سۆران/
بەشی کۆمەڵناسی


قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بریتییە لە کۆمەڵگەی مامۆستا و قوتابی. بۆیە یەکێک لە کەناڵەکانی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونی تاک بریتییە لە قوتابخانە. وێرای ئەمەش کۆمەڵگە پێویستی بە پەیوەندییە، بە مەبەستی گەشەکردنی لایەنی مەعریفیی، کولتووریی و کۆمەڵایەتیی. بۆیە کاتێک کە ژینگەی پەروەردەی پەیوەندیی نێوان قوتابی و مامۆستا لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردن دەسازێت، ئەوا ئەو گەشەکردنە لە لایەنی مرۆیی و مەعریفیی دەستەبەر ناکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا قوتابی وەک کەسێکی چالاک و بەرپرسیار ڕۆڵی خۆی ناگێڕێت و پشتگیریی ناکرێت، بە واتایەکی تر ئەم جۆرە لە پەروەردە لەسەر بنەما و شێوازی فێرکردنی بانکی بونیاد نراوە، کە ئەمەش بە پێچەوانەی پێداگۆژی ڕەخنەییە، چونکە لە شێوازی پەروەردە و فێرکردنی ڕەخنەیی هەوڵدەدرێت کە قوتابیەک بەرهەمبهێنێت کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیی و بیرکردنەوەی ڕەخنەی هەبێت بۆ گۆڕێنی بارودۆخی ژیانیان و ئەو کۆمەڵگەییە کە تێیدا دەژین. بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان مامۆستایان و قوتابیان لە پۆلەکانی خوێندندا لە کاتی وانەوتنەوەدا لە مۆدێلی بانکی بۆ پێداگۆژی ڕەخنەیی. بۆ ئەم مەبەستە سوود لە تیۆری پاولۆ فرێری لەبارەی پەروەردە بانکی و ڕەخنەگرانە وەرگیراوە. پشت بە میتۆدی چۆنایەتیی دەبەسترێت، بۆ کۆکردنەوەی داتا چاوپێکەوتنی گێڕانەوە (Narrative) بەکاردیت. ئامرازی شیکردنەوەی داتا شیکردنەوەی بابەتیی (Thematic Analysis) دەبێت.

## ناونیشانی سیمینار:

”بەرەو مامۆستایەکی پرۆفێشنال.“



# فریدون صالح رسول

قوتابخانەی دواناوەندی ڕۆژاک ئینگلیزی تێکەڵاو

بوون بە مامۆستا گەشتێکە لە فێرکردنی فێرخوازانەوە دەستپێدەکات و تا خانەنشینی بەردەوام دەبێت. لەگەڵ ئەوەی پیشەی مامۆستایەتی یەکێکە لە پیشە پیرۆزەکانی سەر گۆی زەوی، بەڵام تاقەت پروکێنترین و قورسترین پیشەیە، بۆیە ئەگەر نەتوانین سەرکەوتوو بین لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک پرس و تەکنیکی وەک: بەڕێوەبردنی پۆل، ڕێکخستنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ مامۆستایان، هاوکاران، فێرخوازان، دایک و باوکان و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی باش و پەرەپێدان بە تواناکانمان، پاراستنی تەندروستی جەستەیی و دەروونیی، ... هتد کە پێویستە مامۆستایان گرنگی زۆری پێ بدەن و هەوڵی سەرکەوتن بدەن تێیدا. مامۆستای سەرکەوتوو ئەو کەسانەن کە پابەندی بەها ئەخلاقی و مرۆییەکانن و پەرە بە تواناکانی خۆیان دەدەن، هەمیشە لە هەوڵی فێربوون دان و لەم پرسەدا لەخۆبردوون، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاستەنگی جۆراوجۆر لە ڕێڕەوی پیشەکەیاندا پشوودرێژن، مامۆستای سەرکەوتوو هەمیشە هەوڵدەدات ژینگەی پۆلەکە بە سەرنجڕاکێشی بهێڵێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتر وانەوتنەوە و فێربوونی کاریگەری فێرخوازان، هەروەها مامۆستای سەرکەوتوو خۆی نەک تەنها لە ژینگەی قوتابخانە و پۆلدا بە مامۆستا و پابەند دەزانێت، بەڵکو لە ژینگەی کۆمەڵگاشدا، بۆ پەروەردەیەکی باشتر؛ پێشوازی لە بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە و تەکنەلۆژیای پەروەردەیی نوێ دەکەن و لە ڕووی هەستەکانەوە پشتگیری فێرخوازەکانیان دەکەن.
لە سیمینارەکە باس لەم بابەتانەی خوارەوە دەکەم:

یەکەم ڕۆژی مامۆستایەتی، مانەوە و بەرگەگرتن لەقوتابخانە، چۆن ناوی فێرخوازان بزانین؟ چەند تەکنیکێکی بەڕێوەبردنی پۆل، دروستکردنی پەیوەندی، هەڵسەنگاندنی فێرخوازان، گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان.

icet
International Conference on Education & Teaching

LEARNING OPPORTUNITIES FOR ALL

icet
International Conference on Education & Teaching

©ALL RIGHTS RESERVED TO
**ICET Conference 2023**

icet.stirlingschools.co.uk
info@stirlingschools.co.uk